

# کارڵ مارکس

# کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

**بەشێک لەدەستنوسە ئابوریەکان، تیۆریەکانی زێدەبایی**

مەنسور حیکمەت پێشەکی بۆ نوسیوە

وەرگێڕانی: خەسرەو سایە

# کارڵ مارکس

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

دەستنوسە ئابوریەکان، تیۆریەکانی زێدەبایی، پاشکۆ: بەشی ١١ و ١٢

---

مەنسور حیکمەت، پێشەکی بۆ نوسیوە.

وەرگێڕانی لەفارسیەوە: خەسرەو سایە

پێداچونەوەو بەراوردکردنی دەق :جەمال موحسن

چاپ وبڵاوکردنەوە: حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان/ حوزەیرانی **٢٠٢٦**

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست :

ئەم نوسراوەیەی کارڵ مارکس، بەشێکە لەدەستنوسە ئابوریەکان، تیۆریەکانی زێدەبایی، پاشکۆ بەشی ١١ و ١٢، بە ناونیشانی: "دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن". مەنسور حیکمەت لەدەقە ئینگلیزیەکەیەوە وەریگێڕاوە بۆ زمانی فارسی و هەرخۆشی پێشەکی بۆ نوسیووە و دواتریش لەگۆڤاری "بەرەو سوشیالیزم" دەورەی دووە/ ژمارە ٢، ئۆرگانی تیۆەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لەکانوونی دووەمی ١٩٨٥ دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەم دەقە ئێستا دەخرێتە بەردەستان، لەلایەن خەسرەو سایەوە لە فارسیەوە وەرگێڕدراوە بۆ کوردی، هەروەها جەمال موحسن، وەرگێڕانە کوردیەکەی لەگەڵ دەقە ئەسڵیەکەی مارکسدا بەزمانی ئینگلیزی، بەراورد و پیاچوونەوەی بۆ کردووە و پاشان وەرگێڕانە کوردیەکەی لەگۆڤاری "دیدگای سۆشیالسیتی/ ژمارە ٤ دا، بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوەی دەقە ئینگلیزیەکەی کە منسور حیکمەت بۆ وەرگێڕانە فارسیەکەی پشتی پێبەستووە لە ماڵپەڕی مارکسیستەکاندا، بەشی زمانی ئینگلیزی، بەردەست ئەکەوێ، هاوکات تەواوی دەقە فارسیەکەش لە وێبلاگی مەنسور حیکەمەتدا لەبەردەستایە. ئێمە بەبۆنەی هفتەی مەنسور حیکمەتەوە، بەباشمان زانی جارێکیتر لەناملکەیەکی سەربەخۆدا بڵاوی بکەیەنەوە.

**خ. سایە**

**ناوەڕاستی حوزەیرانی ٢٠٢٦**

# پێشەکی بۆ ووتاری مارکس
# دەربارەی کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن

## مەنسور حکمەت:

جیاوازی کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن، یەکێک لە پێکهاتووە گرنگەکانی ڕەخنەی مارکسە لەسیستەمی سەرمایەداری و ئابوری سیاسی. داڕشتنەوەی وردی مارکس بۆ ئەم چەمکانە، نەتەنها ئەو توانایە بەو ئەدات کەسەرچاوەی سامان وقازانجی چینی بۆرژوازی و "نهێنی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە" ئاشکرا بکات، بەڵکو لەهەمانکاتدا جیاوازی وپەیوەندی دژبەیەکی نێوان توێژە جیاجیاکانی سەرمایە، لەوانەش سەرمایەی پیشەسازی (بەرهەمهێن) و بازرگانی وسوخۆر، بەدروستی شیبکاتەوە. لەهەمانکاتدا مارکس بەتوێژینەوە لەکاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن، دەستگایەکی تیۆری چالاکی لەشیکردنەوەی دابەشبوونە دەرونیەکانی پرۆلیتاریا وشێوە جۆراوجۆرەکانی ڕووبەرووبوونەوەی ئابووری وسیاسی سەرمایە لەگەڵ بەشە جیاجیاکانی چینی کرێکاردا ئەدات بەدەستەوە. تیۆری مارکسیستی کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن، گرنگی و دروستییەکەی بەتایبەتی لەم دوودەیەی دواییداو لەڕەوتی قەیرانێکی قوڵی کۆمەڵگا سەرمایەداریە پێشکەوتووەکاندا سەلماندووە.

کاری بەرهەمهێن چییە، وەیا بەواتایەکیتر چ کارێک بەرهەمهێنە؟ فیزۆکراتیەکان، یانی یەکەمین دامەزرێنەرانی ئابووری سیاسی هاوچەرخ ئەم پرسیارەیان لەڕوانگەی "سروشتی" و"فیزیکی"ەوە وەڵامداوەتەوە. بەلای ئەوانەوە تەنها کاری کشتوکاڵی بەکاری بەرهەمهێن دادەنرێ، لەم دەربڕینەدا، سەرچاوەی قازانج وسامانی کۆمەڵگای بۆرژوازی لەسروشتدا دراسەدەکرێت. ئەوە سروشتە کەسامان و زێدەبەرهەم دەخوڵقێنێ و هەربۆیە کاری بەرهەمهێن کارێکە کەلەگەڵ سروشتدا کارو کاردانەوە دەکات. زێدەبەرهەم بەرهەمی سروشتە نەک کار، هەر بۆیە کۆمەڵگا بەگشتی (دەوڵەت و سیاسەتە ئابوریەکانی

دەوڵەت) پێویستە لەخزمەتی بەرەوسەرەوە بردنی توانایەکانی کارو زیادکردنی بەرهەمەکان لە بواری کشتوکاڵدا دابنرێ ولەبەکاربردنی بەرهەمە نابەرهەمهێنەکان خۆپارێزی بکرێ وسەرچاوە ئابوریەکان تایبەت بکرێن بۆ باشکردنی چۆنایەتی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. بەم پێیەش فیزۆکراتەکان بانگەشەکەرانی باوەڕی ڕەتکردنەوەی بەکاربردنن، واتە بانگەشەدەرانی بەهاو ئەخلاقیاتی کۆمەڵگای بۆرژوازین لەقۆناغەکانی سەرەتای شکڵگرتنیدا. فیزۆکراتەکان بیرمەندانی ئابووری سەردەمانی شکڵگرتن وهەڵدانی سەرمایە بوون. باوەڕەکانی ئەوان لەلایەک هەڵگری وێنایەک لەبەهاو لێکدانەوە فیودالّییەکانە ولەلایەکیتریشەوە گرفتە عەمەلیەکانی بۆرژوازی لەدەورانی سەرهەڵدان و گەشەدا، بەیان دەکەن، واتە لەبڕگەیەکدا کەسەرمایە هێشتا، پێی نەناوەتە بەرهەمهێنانی گەورەی پیشەسازیەوە هێشتا قازانجهێنەری سەرمایە لەهەنگاوی یەکەمی خۆیدا گرێی خواردەوە بەباشکردنی هەلومەرجی تەکنیکی بەرهەمهێنانی بەرهەمە تەقلیدیەکانەوە لەکشتوکاڵدا. لەڕوانگەی تیۆریەوە ئەوە ڕۆشنە کەکاری بەرهەمهێنەر لای فیزۆکراتەکان جۆرێکی دیاریکراوە لەکاری تایبەت (کۆنکرێت). واتە بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی دیاریکراو(بەهایەکی بەکاربردنی دیاریکراو)، بەم پێیەش لەسەنتەری ئەم بۆچوونەدا ئەنجامدانی جۆرێکی دیاریکراو لەکار، بۆ کاری بەرهەمهێن، جێگادەگرێ.

ئادەم سمێس یەکەمین ئابوری ناسی بەناوبانگە، کەلەڕوانگەی "سروشت"ەوە بۆ کاری بەرهەمهێنی نەڕوانیوە، بەڵکو لەدەرچەی "بەرهەمهێنانی سەرمایەداری"ەوە بۆی دەروانێ وبەم پێیەش لێکدانەوەی"سروشتی" و"فیزیکیانە"ی بۆکاری بەرهەمهێن، خستۆتە لاوەو ئاماژەی "چەندایەتی"و "بەها"ی بۆ کاری بەرهەمهێن داناوە. بەلای ئادەم سمێسەوە بەرهەمهێنەربوونی کار لەوەدا نیە ئەم یان ئەو بەهای بەکاربردنە دیاریکراوە بەرهەم دێنێ، بەڵکو لەوەدایە کەبەها بۆ سەرمایە بەرهەمدێنێ. سمێس کاری بەرهەمهێنەری بەو کارە پێناسەکردووە کەلەگەڵ سەرمایەدا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ وکاری نابەرهەمهێنیش کارێکە کەبەسەرمایە ئاڵوگۆڕی پێناکرێ، بەڵکو لەگەڵ دراو "داهات"دا دەکەوێتە ئاڵوگۆڕەوە. پێناسەکەی ئادەم سمێس بۆ کاری نابەرهەمهێن دروستە، بەڵام دەربڕینەکەی لەسەر کاری بەرهەمهێن ناتەواوە. ئەمەش لەو روانگەیەوە کەپێی وایە هەرکارێک لەگەڵ سەرمایە ئاڵوگۆر پێبکرێ، بە بەرهەمهێنەری بەها ئەژماردەکرێت. بەڵام لەحاڵەتێکدا کەبەڕواڵەت باسەکە لەسەر توانای بەرهەمهێنەری کارە، ئەو پێی وایە کەئەوە سەرمایەیە بنەمای بەهاو سەرچاوەی هەر توانایەکی بەرهەمهێنەریە.

ئادەم سمێس لەڕوانگەی بەرهەمهێنانی بەهاوە، ڕازی نیە بەهەر جیاوازی کردنێک لەنێوان سەرمایەیەکدا کە لەپڕۆسەی بەکردەوەی بەرهەمهێناندا بەکاردەبرێ، لەگەڵ سەرمایەی بازرگانیدا. بەمجۆرەش تیۆری ئادەم سمێس دەرخەری تێڕوانینی تاک سەرمایەدارێکە کەخودی "قازانجهێنەری" سەرمایە، بەسەرمایەی بازرگانیشەوە، لەگەڵ "توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە" بەیەک شت دەزانێ. بەم پێیەش لەدەربڕینەکانی ئادەم سمێسدا سەرچاوەی واقعی قازانج وسامانی بۆرژوازی دەشاردرێتەوە ولەبری ئەمە توێژە "بەکاربەر" و"نابەرهەمهێنەکان"، لەوانە خاوەنانی زەوی، سووخۆرەکان وشتی لەمجۆرە، لەڕوانگەی سەرمایەوە دەخاتە ژێر ڕەخنەوە. ئادەم سمێس تیۆریزانی دەورانی سەرهەڵدانی سەرمایەی گەورەی پیشەسازیە، کاتێک

# پێشەکی بۆ وتاری کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن

کەسەرمایە لەپێناو سەرچاوەکان وبەرهەمەکاندا، لەگەڵ توێژو چینەکانی تردا دەکەوێتە مونافەسەوە. ڕەخنەی ئەو لەم تویژو چینە "نابەرهەمهێنەران"ە، لەواقعدا بزاوتێکە بۆ بەپیرۆزکردنی سەرمایە بەشێوەیەکی گشتی وسەرمایەی پیشەسازی بەتایبەتی.

ڕیکاردۆ، پێناسەکەی ئادەم سمیس بۆ کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن وەک خۆی پەسەند دەکات، بەڵام سەرنجی خۆی بۆلای ڕیژە وئاستی زێدەبایی و پەیوەندی نێوان سەرمایەو کرێکاران، وەردەچەرخێنێ. ئەمەش گرفتێکی واقعی سەرمایەی پیشەسازیە لەقۆناغە پێشکەوترەکانیدا. لەقۆناغیکدا کەگرفتی "بەکاربردنی نابەرهەمهێن"ی توێژو چینەکانی "پێش سەرمایەداری" جێگاوشوێنیان دەبێتە گرفتێکی بەردەم بەرەوسەرەوە بردنی ڕێژەی زێدەبایی ("داهاتی سافی") و مەسەلەی داواو خستنەڕووی (عرض والطلب)کار. ڕیکاردۆ لێرەدا بەدوای کێشەکانی کەڵەکەی سەرمایەوەیە. ئەگەر دانیشتوانێکی بەرهەمهێن لەتواناییەکی باڵای بەرهەمهێنان بەهرەمەند بێت، ئەوکاتە وەڵامدانەوە بەمەسەلەی توێژە نابەرهەمهێنەرەکان دژواریەکی جدی پێکناهێنێ. بۆ ڕیکاردۆ گرفتی سەرەکی بەردەم سەرمایە، "هاتنەخوارەوەی توانا"ی دانیشتوانێکی بەرهەمهێنەرە.

تێروانینی مارکس لەدووخاڵی بنەڕەتیدا لەگەڵ بۆچونەکانی ئادەم سمێس و ڕیکاردۆدا سەبارەت بەکاری بەرهەمهێن وسەرچاوەی زێدەبایی جیاوازی هەیە. یەکەم، مارکس بەپێچەوانەی ئادەم سمێسەوە هەر کارێک کەلەگەڵ سەرمایەدا بگۆڕدرێتەوە، بەکاری بەرهەمهێن نازانێ. مارکس دووجۆر گۆڕینەوەی لێک جیاوازی نێوان کارو سەرمایە دەستنیشان دەکات، یەکەم، گۆڕینەوەی ڕەمزیانەی نێوان کارو سەرمایەیە، واتە فرۆشتنی هێزی کارێک کە لەژێر پاشکۆیەتی ڕەمزیانەی سەرمایەدا (Formal Subsumption) قەراردەگرێ. بەڵام خودی ئەم گۆڕینەوەیە بەها بەرهەم ناهێنێ. "گۆڕینەوە"ی دووەمی نێوان کارو سەرمایە لەجەرگەی پڕۆسەی کاردا شکڵ دەگرێ. لەم پڕۆسەیەشدا کار لەژێر سایەی پاشکۆیەتیەکی واقعیدا (Real Subsumption) بەسەرمایەوە سەردەردێنێ ولەلایەن سەرمایەوە بەکار دەبرێ. لێرەدایە کەتوانای بەرهەمهێنەری کار خۆی نیشاندەدات. دووەم، مارکس جیاوازی لەنێوانکارو هێزی کاردا دەکات. ئەوەی سەرمایەدار دەیکرێ مافی سودوەرگرتنە لەهێزی کاری کرێکار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. بەڵام ڕێژەیەک لەکار، کە کرێکار لەم ماوە دیاریکراوەدا ئەنجامی دەدات، زیاترە لەڕێژەی کارێک کەسەرفکراوە بۆ بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خودی هێزی کار. بەم جۆرەش سەرمایە لەپرۆسەی کاردا ڕێژەیەکی دیاریکراو لەزێدەکار، بێبەرامبەر بۆ خۆی بەدەست دێنێ وبەدوای فرۆشتنی بەرهەمەکاندا ئەم زێدەکارەش دابین دەکات. بەم پێیەش مارکس پەنجە لەسەر گرنگی پڕۆسەی کار دادەنێ. چونکە لەجەرگەی ئەم پرۆسەیەدایە، کەیەکەم هێزی کار، توانای بەرهەمهێنەری خۆی، لەسەر بنەمای جیاوازی نێوان بڕی کارێک کەئەنجام دەدرێ لەچاو بڕی ئەوکارەدا کەسەرف کراوە بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار، دەردەخات، دووەمیش بەدرێژایی ئەم پرۆسەیەیە کە"بەرهەمهێنەر"بوون واتایەکی مادی واقعی بەدەستدێنێ. مارکس کاری بەرهەمهێن بەکارێک پێناسە دەکات کەدوای گۆڕینەوەی ڕەمزیانەی لەگەڵ سەرمایەدا، بەکردەوە لەپڕۆسەی

## مەنسور حیکمەت

بەرهەمهێناندا لەلایەن سەرمایەوە بەکار دەهێنرێ. ئەمەی دووەمیان نیشانەی ڕوکاری مادیانەی بەرهەمهێنانە. مەسەلەکە لەبارەی ئاکامی پرۆسەی کارو بەرهەمهێنانی بەهای بەکاربردنەوەیە بەشیوەیەکی گشتی نەک جۆرێکی دیاریکراو لەبەهای بەکاربردن. ڕوکاری مادیانەی بەرهەمهێنان لەڕیگای ئەم یان ئەو پرۆسە تایبەتەی کارەوە (کاری کۆنکریت)، لەنمونەکانی کاری کشتوکاڵی، ڕستن و چنین وشتی لەمجۆرە، وەتەنانەت بەم یان بەو بەهای بەکاربردنە دیاریکراوەوە، واتای مادی بەدەست ناهێنی، بەڵکو لە ڕێگای خودی لەئارادابوونی پرۆسەی کار، لەشێوەیەکی گشتیدا، واتای مادی بەدەستدێنێ. بەدەربڕینێکیتر، ئەوە کاری کۆنکرێت نیە کە سەرچاوەی بەهایە، بەڵکو کار، بەمانای گشتی وشەکە، یانی کاری موجەرەد، سەرچاوەی بەهایە.

مارکس لەسەر ئەم بنەمایە توانی کەهەم بۆچوونە ڕواڵەتیە "مادی" گەراییەکانی فیزۆکراتەکان ڕەتکاتەوە کەباوەڕیان وابوو، پێوانەی بەرهەمهێنەری کار لەبەرهەمهێنانی جۆریکی دیاریکراو لەبەرهەمە مادیەکاندایە. وەهەم لێکدانەوە "چەندایەتیەکان"ی ئادەم سمێس وریکاردۆش دیسانەوە ڕەتکاتەوە، کەپێیان وایە خودی گۆڕینەوەی سەرمایە بەسە بۆ بەرهەمهێنەربوونی کار ولێرەشەوە سەرمایەیان لەڕووکاری مادیانەی بەرهەمهێنان دادەبڕی وهاوکات سەرچاوەی زێدەباییشان دەشاردەوە. بەلای مارکسەوە کاری بەرهەمهێن کارێکە کەزێدەبایی بەرهەمدێنێ، یانی کارێک کەهەر دوو قۆناغی گۆڕینەوەی خۆی لەگەڵ سەرمایەدا، تێدەپەڕێنێ. مارکس لەنێوان چەندایەتی"بەها"ی سامانی بەرهەمهاتوو لەگەڵ هەبوونی مادی وفیزیکیانەی سامانی بەرهەمهاتوودا، پەیوەندیەکی دروست دادەمەزرێنێ و بۆیەکەمجاریش بەتیۆری "کار سەرچاوەی بەهایە" ناوەڕۆکێکی ڕۆشن وخەوشهەڵنەگر بەم بابەتە دەبەخشێ. مارکس پەردە لەسەر نهێنی "توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە"لادەبات. ئەوەی کەلەکۆمەڵگای بۆرژوازیدا خۆی بەشێوەی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە نیشاندەدات، لەواقعدا هیچ شتێکی تر نیە جگە لە توانای بەرهەمهێنەری کار نەبێت. لێکدانەوەکانی مارکس ئەنجامگیری ڕاستەوخۆی تیۆری وعەمەلی دەگرێتەخۆی. لەوانە یەکەم پێناسەی دروستی ئەو بۆ کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن توانای ئەوەی پێدەدات کەسەرمایە لەو شوێنەدا کەبەکردەوە "بەرهەمهێن" نیە، یانی کەبەکاری بەرهەمهێن نەگۆڕدراوەتەوە (وەک سەرمایەی بازرگانی و..) دوبارە بناسێتەوە. بەم پێیەش لێکدانەوەکانی مارکس ئەو دەستەواژە بۆرژوازیەی کەدەڵێت "هەر کارێک کەبە سەرمایە بگۆڕدرێتەوە، بەرهەمهێنەرە" و بەکردەوەش سەرمایە بەسەرچاوەی سامان دادەنێ، کۆتایی پێدێنێت. دووەم مارکس توانیویەتی وێنایەکی ڕۆشن لەپەیوەندی نێوان سەرمایەی "بەرهەمهێن" ونابەرهەمهێن بەدەستەوە بدات. بەجۆرێک کەدەرکی بناغەکانی مونافەسەی نێوان بەشە جیاجیاکانی سەرمایە، لەبەرامبەریەکدا، بەتایبەتی لەهەلومەرجی قەیران ورۆڵی دەوڵەتی مۆدێرنی بۆرژوایی، لە ڕیکخستنەوەی پەیوەندیە دەرونیەکانی نێوان بەشە جۆربەجۆرەکانی سەرمایەدا، بەبێ دەرکی ڕۆشن لە پێناسەی مارکسیستی بۆ کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن لە توانادا نیە. سێهەم، بەجیاواز لە بیرمەندانی بۆرژوازی، مارکس لێکدانەوەی خۆی لەسەر پرۆسەی قەیران و لەناوچوونی سەرمایەداری، دەکێشێتە مەیدانی کەڵەکەی سەرمایەو پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەباییەوە. لێرەشدا مارکس ڕووکاری "چەندایەتی"و "بەها"ی بەرهەمهێنان لەگەڵ ڕوکاری

# پێشەکی بۆ وتاری کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن

"فیزیکی" و"تەکنیکی"ەکەی بەدروستی لێکهەڵدەپێکێ، ئەمەش چ لە تیۆری مەیلی بەرەوخوارهاتنی بەهای قازانج _کەتیایدا چونەسەرەوەی پێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە (نەک بەتەنها پێکهاتی بەهایی وتەکنیکیەکەی) رۆلێ سەرەکی هەیە (سەرمایە بەرگی سێهەم) _ وە چ لە باسی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەرامبەرکێی نێوان بەشە جیاجیاکانی سەرمایە و خودی ئەم پرۆسەیەدا (بەرگی دووەم)، مارکس لە هەموو ئەم بوارانەدا بەشێوەیەکی شاکارانە ڕوکارە <u>چەندایەتی وچۆنایەتیەکانی</u> بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە یەکەیەکی یەکگرتوودا پێکەوە هەڵدەسەنگێنێ. بەم جۆرەش توانای شیکاری مارکس، بەتایبەتی قەرزاری پێناسەی دروستی ئەوە بۆ کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن. لە کۆتا خاڵیشدا، چوارەم مارکس گەنجینەیەکی فراوانی تیۆری بۆ شیکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی پرۆلیتاریا، بەوێنەی یەک چین و هەروەها شێوە جۆربەجۆرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بەشە جیاجیاکانی چینی کرێکار بەرامبەر بەبۆرژوازی فەراهەم دەکات. بەشێک لە چینی کرێکار لەلایەن سەرمایەی"نابەرهەمهێن"ەوە، بەکاردەبرێت. کاری نابەرهەمهێنی ئەم بەشە لەکرێکاران لە ڕوانگەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتیەوە، بەهەمان ئاست پێویستە کەکرێکارانی بەرهەمهێن پێی هەڵدەستن. بەڵام هەمان ئەو واقعیەتەی کەکرێکارانێک کاری نابەرهەمهێن دەکەن وزێدەبایی بەرهەم ناهێنن، هەر ئەوان لە جێگاو ڕێگایەکی تایبەتدا بەرامبەر سەرمایەدا ڕادەگیرێن. شێوازی چەوسانەوەی ئەم بەشە لە کرێکاران و ڕۆڵیان لە پرۆسەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا و لە پەیوەندی نێوان کرێکارانی بەرهەمهێنەرو نابەرهەمهێنەردا و هەر دووک ئەم بەش پێکەوە، ئەمانە ئەو خاڵە بنەڕەتیانەیە کەمارکس لە ڕێگای لێکدانەوەکانیەوە بۆ کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن، بەدروستی شیکردوونەتەوە. یەکیەتی بەکردەوەی چینی کرێکار لە خەباتدا لە دژی بۆرژوازی، لە گرەوی ناسینەوەی بەرژەوەندیە واقعیە هاوبەشەکانی بەشە جیاجیاکانی چینی کرێکاردایە، بەبەرهەمهێن و نابەرهەمهێنەوە. هەروەها لە گرەوی درک کردنی شێوە ئابوریەکان، سیاسەت و فەرهەنگێکی تایبەت کە بۆرژوازی لەم جیاوازیەی نێوان بەشەکانی کرێکارانەوە، پەنایان بۆ دەبات، تا بۆ قازانجهێنانی هەرچی زیاتر و زاڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی وکۆمەڵایەتی خۆی سودیان لێوەربگرێ.

**لەگەڵ سەرهەڵدانی** قەیرانی ئابووری ئەم دوو دەیەی دوایی وڵاتانی پێشکەوتوی سەرمایەداری، لەئەوروپا و ئەمریکا ولەگەڵ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی نوێکردنەوەی هەیکەلی بنیادی سەرمایەداری لەم وڵاتانەدا، باسی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن، وەکو یەکێک لەگۆشەکانی تیۆری مارکسیستی بۆ قەیرانی ئابوری گرنگیەکی بەرجەستە بەخۆیەوە دەگرێ. بۆرژوازی هێرشێکی فراوانی بۆ سەر چینی کرێکار بەرێخستووە، ئەم هێرشانە لە دوو ڕوکاری سەرەکیەوە دەستیان بۆ دەبرێ. یەکەمیان، بردنەسەرەوەی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایەی بەرهەمهێن، لە ڕێگای بەرەوسەرەوەبردن و توندکردنەوەی چەوسانەوەی کرێکارانی بەشی بەرهەمهێن و هێنانەخوارەوەی ئاستی کارپێکردنیان، (واتە دەستبردن بۆبێکارکردن لەمبەشەدا – وەرگێر) بەمەبەستی بردنەسەرەوەی توانای وەبەرهێنانی کار، وەدوەمیان هێنانە خوارەوەی توندی بودجەی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی دەوڵەت و هاوکاتی ئەمەش بێکارکردنی بەشێکی فراوان لەکرێکاران کەلەم بەشەدا کاردەکەن.

## مەنسور حیکمەت

بەگشتی ئاکامی ئەم سیاسەتە، فراوانکردنەوەی خێرای بێکاری و هێنانەخوارەوەی ئاستی بژێوی گشت چینی کرێکارە، لە ڕێگای سەپاندنی بژێوی بێکاران بەسەر خوشک و براکانیاندا کەهێشتا لەسەر کارماون، هەروەها هێنانەخوارەوەی داهاتی گشت چینی کرێکار لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، ئەویش لە ڕێگای هەڵگرتن و بڕینی جۆرەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و هێنانەخوارەوەی کرێ، و توندکردنەوەی زیاتری کاری کرێکارانی لەسەرکار. بەکورتی بۆرژوازی تێدەکۆشێت لە لایەکەوە چەوسانەوەی کرێکارانی بەرهەمهێن توندبکاتەوە ولە لایەکیتریشەوە هەرچی فراوانتر کرێکارانی نابەهەمهێن ڕاکێشێتە نێو لەشکری بێکارانەوە. بزوتنەوەی سەندیکایی وهاوکات تەواوی چەپە ڕیفۆرمیستەکانی ئەوروپا، لە بەرامبەر شەپۆلە هەڵچوەکانی بێکاریدا، کەسەر لە بانگەشەکانی بۆرژوازیەوە سەبارەت بە ژیانەوەی بناغەکانی پیشەسازی نیشتمانی دەردێنێ و هەوڵدەدەن بۆ توندکردنەوەی مەیلی کۆنسەرڤەتیڤانە لەنێو بەش و ڕشتەیەک لەکرێکاراندا، بەکردەوە چەک لەشانیان دادەماڵدرێ وتەنانەت لە ڕێخستنی مقاوەمەتێکی سیستماتێک لەبەرامبەر هێرشەکانی بۆرژوازیدا، بێتوانا دەمێننەوە. توانای مارکسیستەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دۆخە، پەیوەستە بەڕۆشنبینیەکی تیۆریانەی ئەوانەوە لەبەرامبەر قەیرانی ئابوری ئێستادا. تیۆری مارکسیستی بۆ قەیرانی ئابوری سەرمایەداری وتیۆری کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن، دەزگایەکە بۆ دەستڕاگەیشتن بەم ڕۆشنبینیەو توانای لەبەریەک هەڵوەشاندن و شیکردنەوەی هەلومەرجەکانی ئێستایە.

بەڵام جێگاو ڕێگای تیۆری کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێنی مارکس لە ڕەخنەیدا بۆ ئابوری سیاسی و بەکاربردنی ئەم تیۆریە بۆ شیکردنەوەی قەیرانی ئەمرۆی جیهانی سەرمایەداری، هەر ئەنجامێکی ببێ، ئێمە ئەمرۆ لەگەڵ لێکدانەوەیەکی تەوا جیاواز لە"چەپ"ی ئێراندا لەبارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێنەوە، بەرەوڕووین. ڕەنگە هەرگیز بەمێشکی مارکسدا نەیەت کە سەد ساڵ دوای کتێبی کاپیتاڵ، جۆرێکی تازە لە "فیزۆکراتیزم"لە ئیراندا پێبنێتەوە مەیدان. وتمان کە گرنگی کاری ئادەم سمێس لەوەدایە کەلانیکەم لە ئاستێکی ڕواڵەتیشدا بووبێت، لەلێکدانەوەیەکی ئەخلاقیانەوە بۆ کاری بەرهەمهێن خۆی بەدور گرتووە و لەباتی مەسەلەی بەرهەمهێنانی بەهایەکی دیاریکراوی بەکاربردن، خودی بەرهەمهێنانی بەهای کردۆتە پێوانەیەک بۆ بەرهەمهێنەربوونی کار. بینیمان کەچۆن مارکس بەدروستی کاری بەرهەمهێنەری وەک کارێک پێناسەکردووە کە"زێدەبایی" بەرهەمدەهێنی. ئەمە ئەو پێناسەیەی کاری بەرهەمهێنە لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا. بەڵام ئەوەی ئێمە لەئەدبیاتی چەپی ئیراندا لەگەڵی بەرەو ڕووین جۆرێکە لە ئەخلاقیاتی"ناسیونال پیشەسازی" و جۆرێک لە فیزۆکراتیزمی تێکەڵوپێکەڵ، کەلە شیکردنەوەی ئابووری کۆمەڵگای سەرمایەداریەوە دەستپێناکات، بەڵکو لە سیاسەت، وەیا لە خۆشباوەڕی"سەربەخۆخوازانە"ی بۆرژوازی و ووردەبۆرژوازی وڵاتیکی ژێردەستەدا، هێز وەردەگرێ. ئەم"فیزۆکراتیزمەی ناسیونال– پیشەسازی" کەلە ئەدەبیاتی ڕێکخراوەکانی ڕێگای کرێکار، یەکیەتی کۆمۆنیستی، هێڵی ٣، سێ جیهانیەکان، فیدایانی خەڵک.. بەشێوەیەکی چونیەک دەبینرێ، تێکەڵوپێکەڵێکە لە نەتەوەگەرێتی وعاشق بە سەربەخۆیی پیشەسازی وخۆژێنی ئابووری. لەم دیدگایەدا کاری بەرهەمهێن کارێکە کەلە خزمەت گەشەی"ئابووری

# پێشەكی بۆ وتاری كاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن

پیشسازی هاوسەنگ، خۆژییێن وسەربەخۆ"ی ئێراندا بەكاردەبرێ. بەرهەمهێنانی كاڵای "نامەرغوب" كاری بەرهەمهێن نیە، كار لەپیشەسازی "مۆنتاژ" و "وابەستە"دا، كاری بەرهەمهێن نیە، كار لەبەشێک لەچالاكیە ئابووری وبەرهەمهێنەرەكاندا كەلە"زانستی" ئابووری بۆرژوازیدا ناویان ناوە <u>خزمەتگوزاری</u>(وەک ڕێگاوبان وگواستنەوە، پاكژكردنەوە، پەروەردەو فیركردن و..) كاری بەرهەمهێن نیە. هەمومان بەو پەرەگرافە دورو درێژانەی ناو ئەدەبیاتی ئەو ڕێكخراوانەی ناویان هێنرا، ئاشناین. ئەمانە دەربرینی فیزۆكراتیانەیە، چونكە كاری بەرهەمهێن، بەبەرهەمهێنانی <u>بەهای بەكاربردنێكی دیاریكراو</u> پێوانە كراوە. ناسیونالیستیە، چونكە هەمان بەهای بەكاربردنی دیاریكراو تا ئەو جێیە بەڕەسمی دەناسرێ كەتەنها ڕاپەڕینی ڕاستەوخۆ بە"سەربەخۆیی نیشتمانی" بگات، پیشەسازیە چونكە (بالە پیشەسازی مۆنتاژ و بەرهەمهینانی كاڵای نامەرغوب بگەڕێن) تەواوی بەشەكانی بەرهەمهێنانی"نا مادی" وفەرهەنگی وخۆشگوزەرانی، دروست وەک هەمان مامەڵەی بۆرژوازی كۆنسەرڤەتیڤی ئەوروپا، دەخرێتە كەنارەوە. هیچ شتێک لەوە سادەتر نیە كەئەم شێوە دەربڕینە نامارکسیانەیە، بەبەراورد لەگەڵ دواكەوتوترین تیۆری ئابووری سیاسی دوو سەدەی پێشووتردا، بە نەزان و نازانستی بێتە بەرچاو. پێوانەی بەرهەمهێنەر بوونی كار لەم تێڕوانینەدا، گۆڕینەوەی كار نیە لەگەڵ سەرمایەو بەكاربردنی لەپرۆسەی كاردا، تەنانەت بەرهەمهێنانی زیدەبایی نیە، بەڵكو لەپێشەوە ویستێكە بەپێی جۆرێک لەئەخلاقیاتی ناسیونالیستی وئامانجی پیشەسازیگەرێتی. تیۆری"كاری بەرهمهێن لەڕوانگەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری"ەوە، دەخاتە شوێنی تیۆری"كاری بەرهەمهێن لەڕوانگەی بەرژەوەندیە نیشتمانی"ەكانەوە. سەرەڕای ئەمە (ئەوەی كەزۆر گرنگە) جیاكردنەوەی كاری بەرهەمهێن لە نابەرهەمهێن لەتیۆری ماركسیزمدا، هەرگیز بەمەبەستی پیرۆزكردنی كاری بەرهەمهێن وتەكفیركردنی كاری نابەرهەمهێن نیە. ئەم چەمكانە لەماركسیزمدا، ولەپەیوەند بەجێگاوڕێگایانەوە لەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریداو لەگۆشەنیگای بەرهەمهێنانی زیدەباییەوە لێكدەدرێنەوە. بەتایبەتی كەلەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا هەردوو جۆرەكەی كار پێویستن. داوەری ئەخلاقیانە لەبارەی كاری بەرهەمهێن ونابەهەمهێنەوە، مەبەستی بۆرژوازی و سەرمایەداری بەشی"بەرهەمهێنەر"ەكەیەتی. ماركس بەشیكردنەوەی كاری بەرهەمهێنەرو نابەرهەمهێنەر، ئەو توانایە دەبەخشێ تا جێگاوڕێگای بەشە جۆربەجۆرەكانی چینی كرێكار بەدروستی بناسینێ. چونكە ناسینی بابەتیانەی پەیوەندی نێوان سەرمایە وبەشە جیاجیاكانی چینی كریكار هەلی ئەوە دەرەخسێنێ كە <u>یەككگرتووبونی واقعیانەی</u> گشت چینی كرێكار دابین بكرێ. بەڵام لەچەپی ئێراندا حوكمدانی ئەخلاقیانەی ناسیونال پیشەسازی لەبارەی "كاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن"ەوە یەكجار باوە. پەلامارەكانی ڕای كارگەر ویەكیەتی كۆمۆنیستەكان بۆ سەر بەشی"خزمەتگوزاریەكان"، ئاهو ناڵەیان بەرامبەر بە"پیشەسازی مۆنتاژ" و نیگەرانیان لە بێتواناییەكانی بۆرژوازی بەرامبەر كەناڵیزەكردنی ئیمكاناتەكان بەرەو پیشەسازیە بنەڕەتیەكان و بەرەوسەرەوە بردنی توانای بەرهەمداری كارو ڕێژەی چەوسانەوە، نمونەگەلێكن لەم حوكمە ئەخلاقیە بۆرژواناسیونالیستیانەیان بۆ كاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن. لەبەرامبەر ئەم دیدگایانەدایەكە ماركسیستە شۆڕشگێڕەكانی ئێران، بەردەوام خۆیان لەگەڵ ئەركی ڕۆشنكردنەوەی ڕۆشنیەكان، بەرگری لەمەوجودیەتی

کرێکارانی ئەم یان ئەو بەشی ئابوری، بەرگری لەکرێکارانی پیشەسازی"مۆنتاژ" وخزمەتگوزاریەکان، و هێنانەوە بیری ڕۆلی کاری هەرزان وشتی لەمجۆرەدا، ببیننەوە.
ئەم دەقەی ئێستا لەڕووی دەقە ئینگلیزیەکەیەوە، "تیۆریەکانی زێدەبایی" چاپی پرۆگرێس کتێبی یەکەم، لاپەرەکانی٣٨٦بۆ ٤١٣ وەرگێڕدراوە. لەم وەرگێڕانەشدا، هەوڵمانداوە تا ئەوپەڕی خۆی بەدەقە ئەسلیەکەوە وەفادرابین، لەبەرئەوەی کە خودی مارکس ئەم نوسینەی ئێستای بۆ چاپکردن ئامادەنەکردووە، بۆیە ئێمەش بەمەبەستی ڕۆشنبوونی نوسراوەکە لە هەندێ شوێنی جیاجیادا دەستەواژە و وشەمان زیادکردووە وبەدانانیان لەنێوان [ ]دا بۆخوێنەر دەردەکەوێ. کەوانەکان هی خودی مارکسە. کەوانە گەورەکانیش لەجۆری { } لەلایەن سەرپەرشتیارانی چاپی ڕوسی کتیبەکەوە دانراوە. لەدەقە ئینگلیزیەکەی ئەم نوسراوەیەدا، ژمارەی لاپەڕەی دەستنوسەکانی مارکس دانراون، بەڵام ئێمە لامان بردووە، هەروەها ئەم وەرگێڕدراوە لەگەڵ دەقە ئەڵمانیەکەیدا بەراورد نەکراوە وخۆشحاڵ دەبین هاوڕیانێک کەشارەزای زمانی ئەڵمانین بتوانن بەراوردی بکەن وئەگەر دەستکاریەکیان بەنەزەر گەیشت بۆ ئێمەی بنوسن تا لەدووبارە چابکردنەوەیدا، لەبەرچاویان بگرین.
هەر بەو جۆرەی کەلەبەشی کۆتایی دەقی ئێستادا ئاماژەی بۆکراوە، مارکس هێشتا لەم بەشەدا لەبارەی گۆڕینەوەی سەرمایە بەکاری نابەرهەمهێنەوە (بۆنمونە سەرمایەی بازرگانی) قسەناکات. ئەم باسە لەبەشی سەرمایەی بازرگانیدا لەکتێبی سێهەمی کاپیتاڵدا هاتووە. لەم بەشەدا مارکس دوای ئەوەی ڕەخنەی خۆی لەو دیدگا بۆرژواییەی کە"هەرکارێک بەبەرهەمهێن دادەنێ" سەرخەتە سەرەکیەکانی بۆچونی خۆی دەخاتەڕوو. بەڵام خالێک کەپێویستە خوێنەر لێرەدا سەرنجی بۆ ڕاکێشێ، پێناسەیەکە کەمارکس بۆ "خزمەتگوزاری" کردویەتی. "خەدەمات" کارێکە بەجیا لەوەی بەهای بەکاربردنی مادی بەرهەم بهێنێ یان نا، لەگەڵ داهاتدا دەگۆڕدرێتەوە. ئەم پێناسەیە لەگەڵ پێناسەیەکدا یەکسان نیە، کەئەم ڕۆژانە لەئابوری بۆرژوازیدا بۆ واتای "خزمەتگوزاری" دەکرێ ولەباسی داهات و بەرهەمی نیشتمانیدا بەکار دەبرێ. بەشێکی گرنگ لەوەی کەئەمرۆ لەژێرناوی "خزمەتگوزاری"دا ناودەبرێ، لەو دەستەبەندیانەدا کەجێگای سەرنجی مارکسە دەچنە خانەی"بەرهەمە نامادی"ەکانەوە، کەلەهەمان دەقی ئێستا لەبارەیانەوە قسەی لەسەرکراوە.

## کارڵ مارکس

# دەستنوسە ئابوریەکان، تیۆریەکانی زێدەبایی، پاشکۆ بەشی ١١ و ١٢
# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

### ١١. لێکدانەوەی پاساوخوازانەی پشتبەستو بە بەرهەمهێنەر بوونی تەواوی پیشەکان

فەیلەسوف بیروباوەڕ بەرهەم دەهێنێ، شاعیر هۆنراوە، مەلا ئامۆژگاری، مامۆستا ئەتروحە وشتی لەم جۆرە، تاوانبار تاوان بەرهەم دەهێنێ. خۆ ئەگەر کەمێک بەوردیەوە لەو پەیوەندیە بەگشتی بڕوانین کەهەیە لەنێوان ئەم ڕشتەیەی دوایی بەرهەمهێنان وکۆمەڵگادا، ئەوا لەزۆریەک لەحوکمدانی پێشینە ڕزگارمان دەبێ. تاوانبار نەک هەر تەنها تاوان، بەڵکو یاساکانی سزاو ئەو پڕۆفیسۆرانەی کەوانەی یاسای تاوان ئەڵێنەوە بەرهەمدێنێ ولەوەش زیاتر ئەو ئەتروحانەشی کەهەر ئەم پڕۆفیسۆرانە بۆ ووتنەوەی وانەکانیان وەک "کاڵا" دەیخەنە بازاڕەوە بەرهەمدێنێ. ئەمەش ئەبێتە مایەی زیادبوونی سامانی نەتەوەیی، ئەمە جگە لەو لەخۆ ڕازیبوونە شەخسیەی کە نوسەری ئەتروحەکە پێی دەگات، هەروەک شایەت حاڵێکی باوەڕپێکراوی وەک بەڕێز پرۆفیسۆر ڕوشەرRoscher، لە کاتی نوسینی دەستنوسەکەیدا بەدەستی دێنێ.

تاوانبار سەرەڕای ئەوەی کە بەرهەمهێنەری سەرتاپای دەزگاکانی پۆلیس ودادگاو پاسەوان ودادوەر وجەلاد ودەستەی سوێندخۆران وشتی لەم جۆرەیە، تەواوی ئەم ڕشتە

# کارڵ مارکس

جۆراوجۆرانەی کارو کاسپی، کەهەموویان بەشە جیاجیاکانی کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتین و ئامادەییە روحیەکانی ئینسانیش دەبوژێننەوە وویستی تازەش دەخوڵقێنن ورێگا نوێیەکانیش بۆ وەڵامدانەوە بەم ویستانە دەکەنەوە. خودی ئەشکەنجەدان بەش بەحاڵی خۆی داهێنانێکی میکانیکی عەبقەریانەی هێناوەتەئاراوە و پیشەوەرانێکی شەرافەتمەندی زۆریشی لەبەرهەم هێنانی دەستگا پێویستەکاندا خستۆتە نێوکارەوە.

تاوانبار سۆزو هەست بەرهەمدێنێ، سۆزێک کەجارێک ئەخلاقیانەیەو جارێکیتر تراژیدیانەیە، بەمجۆرەش لەگەڵ هاندانی سۆزی ئەخلاقی وجوانناسی باودا، "خزمەت"ێک پێشکەش دەکات. تاوانبار نەک تەنها ئەتروحەکانی  یاسای تاوان، نەک تەنها یاساکانی سزاو لەگەڵیشیدا یاسادانەرانی ئەم ڕشتەیە، بەڵکو هونەرو ئەدەب، ڕۆمانەکان وتەنانەت تێکستە تراژیدیەکانیش بەرهەمدێنێ. هەروەک ئەوەی کەنەتەنها "گوناح"ی بەرهەمی مۆلنەر Mülner و "پارەی دزراو" بەرهەمی شیللەر، بەڵکو بەهەمان شێوە "ئۆدیب"ی (سۆفۆکل) و"ریچاردی سێهەم" ی شکسپیر، شایەتی لەسەر ئەم بۆچونە دەدەن.

تاوانبار لێکچویی وسەلامەتی هەر ڕۆژەی ژیانی بۆرژوازی دەشکێنێ وبەم بجۆرەش لەڕاوەستان و چەقبەستن دەیپارێزێ ودەیخاتە دڵەڕاوکێ وبێئۆقرەییەوە، کەبەبێ ئەمانە تەنانەت خولیای مونافەسەش کاریگەریەکانی کەمدەبێتەوە. بەم هۆیەشەوە تاوانبار بزوێنەرێک بۆ هێزەکانی بەرهەمهێنان دەخوڵقێنێ. ئەمە لەکاتێکدایە کەتاوانکاری بەشێک لەزیادەی دانیشتوان لەبازاڕی کار دەردەکێشێ ولەڕێگایەوە مونافەسە لەنێوان کرێکاراندا کەمدەکاتەوە- وە بەم هۆیەشەوە لەئاستێکدا دەبێتە بەربەست لەبەردەم دارمانی کرێدا، بۆ ژێر کەمترین ئاست- لەهەمانکاتدا خەبات لەدژی تاوانکاری بەشێکیتر هەرلەم دانیشتوانە بۆلای خۆی ڕادەکێشێ. بەم پێیە تاوانکار وەک یەکێک لەو "بەردی تەرازوو"ە سروشتیانە دەردەکەوێ و هاوسەنگیەکی دروست دەهێنێتەکایەوە وئاسۆیەکی فراوانیش بەڕووی پیشە "بەسود"ەکاندا دەکاتەوە.

کاریگەری تاوانبار بەسەر پەرەسەندنی توانای بەرهەمهێنانەوە لەوردەکاریەکانیشدا دەتوانرێ نیشان بدرێ. ئایا ئەگەر دزانێک نەبونایە، هەرگیز قوفڵ بەو ئاستە مەرغوب دەبوو؟ ئایا ئەگەر تەزویرچیانێک نەبونایە، لەچاپدانی پارەی کاغەز بەم ئاستە لەپێشکەوتنی ئێستای دەگەیشت؟ ئەگەر لەبەر دۆزینەوەی کەڵەکچێتی بازرگانی نەبوایە، ئایا میکرۆسکۆپ ڕێگای بۆ مەیدانی بازرگانی دەگرتەبەر (بگەرێرەوە بۆ  Babbage)، ئایا کیمیای عەمەلی، بەهەمان ئاست کەقەرزاری هەوڵی ڕاستگۆیانەی کردەی بەرهەمێنانە، قەرزارباری ساختەکاری لەکاڵاکاندا وهەوڵدان بۆ دۆزینەوەیان نیە؟ تاوان بەردەوام لە ڕێگای شێوازە تازەکانی هێرشکردنە سەر موڵکایەتیەوە، بە بەردەوامی شێوازی نوێی بەرگریکردن دەکاتە

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

پێویستی و بەم پێیەش بە هەمان ئەندازەی مانگرتنەکان بۆ داهێنانی ئامێرەکان بەرهەمهێنەرە، وەک ئەوەی کەلەداهێنانی مەکینەو ئالەتەکاندا، لەگۆڕدایە. بەڵام با لەبارەی تاوانەوە لەمانا شەخسیەکەی زیاتر بڕۆین. ئەگەر تاوانی نەتەوەیی لەئارادا نەبوایە ئایا هەرگیز بازاڕی جیهانی سەری دەردەهێنا؟ ئایا بەڕاستی نەتەوەکان ( ولاتەکان- Nations) دەردەکەوتن؟ وەئایا لەسەردەمی ئادەمەوە تائێستا "درەختی گوناه" لەهەمان کاتدا، هەمان درەختی مەعریفە نەبوە؟

لەکتێبی "ئەفسانەی هەنگەکان" دا (١٧٠٥)، مەندەفیل Mandeville گیانی بەبەر ئەو هێڵە بەڵگەدارانەدا کرد ونیشانیداوە کەچۆن هەر پیشەیەک کەلەگەڵ فیکردا بگونجێ، بەرهەمهێنەرە:

"ئەوەی کەئێمە لەم جیهانەدا ناوی بەڵامان لێناوە، جائەگەر بەڵای سروشتی بێت یان ئەخلاقی، ئەو بنەما مەزنەیە کەئێمە دەگۆڕێ بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی وبناغەیەکی پتەو وحەیاتی وکۆڵەکەی گشت قسەو کارێکیشە بەبێ جیاوازی(...). کەدەبێ سەرچاوەی ڕاستەقینەی گشت زانست وهونەرەکان بپشکنین(....) و ئەو کاتەشی کەبەڵایەک لەئارادا نیە، کۆمەڵگا ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی نەپوکێتەوە، ئەوا لانی کەم مەحکومە بەلەبەریەک ترازان". (چاپی دووەم ، لەندەن ١٧٢٣ لاپەرەی ٤٢٨)

جیاوازی تەنها لێرەدایە کەمەندەفیل بێگومان وتا ئەوپەر ڕاشکاوانەتر وڕاستگۆترە لە پاساوخوازانێکی بێمایەی کۆمەڵگای بۆرژوازی.

## ١٢. توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە. کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن.

### (A) توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە وەک دەرکەوتنێکی کاپیتالستیانەی توانای بەرهەمهێنەری کاری کۆمەڵایەتی

تائێرە نەک هەر ئەوەمان بینی کەسەرمایە چۆن بەرهەمهێنان بەڕیوەدەبات، بەڵکو ئەوەشمان بینی کەخودی سەرمایە چۆن خۆی بەرهەم دێنێ وچۆنیش لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا شکڵ دەگرێ ووەک پەیوەندیەک کە جەوهەرێکی گۆڕاوی هەیە و لەدەرونی ئەم پەیوەندیەدا سەردەردێنێ (١). لەلایەک سەرمایە شێوازی بەرهەمهێنان دەگۆڕێ ولەلایەکی تریشەوە ئەم شێوازە گۆڕدراوەی فۆرمی بەرهەمهێنان، وەهەروەها قۆناغێکی تایبەت لەپەرەسەندنی هێزە مادیەکانی بەرهەمهێنان، پێکەوە پێشمەرج و بنەمای شکڵگرتنی خودی سەرمایە پێکدەهێنن.

لەو شوێنەوەی کەکاری زیندوو- لەڕێگای ئاڵوگۆڕی نێوان سەرمایەو کرێکارەوە- لەگەڵ

سەرمایەدا تێهەڵکێش دەبێ وهاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی پرۆسەی کارداو دەرکەوتنی وەک چالاکیەکی گرێدارو بەسەرمایەوە، تەواوی توانای بەرهەمهێنەری کاری کۆمەڵایەتی وەک توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە خۆی دەنوێنێ، دروست بەهەمان شێوە کەشێوەی گشتی کۆمەڵایەتی کار، لەقامەتی دراودا - پارە- وەک خاسیەتی شتێک- شیء- دەردەکەوێت. بەم شێوەیە، توانای بەرهەمێنەری کاری کۆمەڵایەتی وشێوە تایبەتیەکانی، ئیتر وەک توانای بەرهەمهێنەر وشێوەکانی سەرمایە دێتە بەرچاو، واتە وەک توانای بەرهەمهێنەر وشێوەکانی کاری ماتریالیزەبوو، هەروها وەک توانای بەرهەمهێنەرو شێوەکان و هەلومەرجی مادی کار - هەلومەرجێک کە پاش ئەوەی ئەم شێوە سەربەخۆییە وەردەگرێ، لەوجودی سەرمایەداردا بەرامبەر کرێکار، حاڵەتی شەخسی وفەردی پێدەدادات. لێرەدا ئێمە جارێکیتر لەگەڵ هەمان هەڵگەرانەوەی پەیوەندیەکان بەرەوڕووین کەپێشتر لە هەڵسەنگاندنماندا بۆ دراو بەفیتیشزم (٢) ناومان بردوە.

سەرمایەدار خۆی بەتەنها وەک بەرجەستەبوونی ئینسانیانەی سەرمایە خاوەنی هێزو توانایە، (لەحساباتی ئیتاڵیەکاندا ئەم ڕۆڵەی ئەوی سەرمایەدار، بەواتای ئەوە دێت کەسەرمایە کەسێتی بۆتەوە، تەنانەت هەمیشە لەجیاکردنەوەو ڕووبەڕوبونەوە لەگەڵ ناسنامەی کەسەکەدا ئەو وەک کەسێکی ئاسایی لەبەرچاو دەگیرێ، بەجۆرێک کەلەقامەتی یەک کەس و وەک بەکاربەرێکی تاک وقەرزاری سەرمایەکەی، لەدەفتەری حساباتدا دەردەکەوێ ).

توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە لەهەنگاوی یەکەمدا - تەنانەت ئەگەر بەتەنها پاشکۆبوونی ڕواڵەتیانەی کار بەسەرمایەوە لەبەرچاوبگرین- لەبەزۆر ئەنجامدانی زێدەکاریدا کورت دەبێتەوە، واتە بەزۆر ئەنجامدانی کارێکی زیاتر لەپای پێویستییەکی دەستبەجێ. ئەمە ناچارکردنێکە کەلە شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کۆندا هەبوە، وەک ئەوەی لەشێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا هەیە، بەڵام بەو جیاوازیەوە کەسەرمایەداری ئەم ناچارکردنە بەشێوەیەکی سودبەخشانەتر بۆ حاڵەتی بەرهەمهێنان، بەکردەوە دەردەهێنێ وجێبەجێ دەکات.

تەنانەت لەڕوانگەی ئەم پەیوەندیە بەتەنها ڕواڵەتییەوە -واتە لەڕوانگەی شێوەی گشتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە کەلە هەردوو قۆناغەکانی دواکەتویی و پێشکەوتووی سەرمایەداریدا هاوبەشە- دیسانەوە لەڕواڵەتدا ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، پێداویستیە (هەلومەرجە) مادیەکانی بەرهەمهێنان - واتە بەرژەوەندیەکانی کار، هۆیەکانی کار (پێداویستیەکانی بژێوی) - لەژێر کۆنترۆڵی کرێکاردا بەدەست نایەت، بەڵکو (بەپێچەوانەوە) ئەوە کرێکارە کەوا دێتە بەرچاو لەژێر کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندایە.

## دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

ئائەمەیە کەئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنان دەگۆڕێ بۆ سەرمایە. سەرمایە کرێکار بۆ خزمەتی خۆی دەخاتە کارەوە. بۆ کرێکار ئەمانە، واتە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، وەیا هۆیەکانی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکان، جا ئەگەر لەشێوەی ئامرازە ڕاستەوخۆکانی بژێویدا بن وەیا لەشێوەی ئامرازەکانی ئاڵوگۆڕدابن، کاڵا گەلێک نین. بەڵکو خودی ئەو (کرێکار) لەخزمەتی ئەمانەدایە - تا هەم بەهای تێچونیان بهێڵێتەوە وهەم زێدەباییەکیش بەرهەمبهێنێ. واتە بەهای مەوجود زیاتر بکاو زێدەکاریش بەدەست بێت.

ئائەم شکڵە سادەیە، خۆی پەیوەندیەکی ئاوەژوە –بەکەسایەتی بوونی شتەکان و بەشتبوونی کەس؛ چونکە ئەوەی کە ئەم شێوەیە لەتەواوی شێوەکانی ڕابردوو خۆی جیادەکاتەوە، لەوەدایە کەسەرمایەدار پشتی بەجۆرێک لەخەسڵەت و تواناکانی فەردی نەبەستوە، بەڵکو تائەو جێگایەی بەتەنها وەک "سەرمایە" دەردەکەوێ، بەسەر کرێکاردا زاڵدەبێ. دەسەڵاتی سەرمایە دەسەڵاتی بەتەنهای کاری بەمادی بووە بەسەر کاری زیندوودا. دەسەڵاتێک کە بەرهەمی کرێکارە بەسەر خودی کرێکارەوە.

بەڵام ئەم پەیوەندیە لەمە ئاڵۆزتر و پڕ نهێنیتر دەبێ. چونکە لەگەڵ پەرەسەندنی شێوەی دیاریکراوی کاپیتالیستیانەی بەرهەمهێناندا، ئیتر بەرهەمەکان بەتەنها هەر شومەکە ڕاستەوخۆ مادیەکان نین، (واتە هەموو بەرهەمەکانی کار، وەک بەهاگەلێکی بەکاربردن، ئەمانە هەم پێداویستیە مادیەکانی کارن وهەم خۆشیان بەرهەمی کارن. وەک بەهای ئاڵوگۆڕیش، ئەمانە ماوەی کاری گشتی تیایاندا مادیەتی پەیداکردووە، واتە دراو) کە لەبەرامبەر کاردا سەریان دەرهێناوە ولەقامەتی "سەرمایە"دا لەبەرامبەر کرێکاردا ڕاوەستاون، بەڵکو لەهەمان کاتدا لەباری کۆمەڵایەتیشەوە شێوەیەکە لەپەرەسەندنی بەرهەمهێنان–وەک هەرەوەزیەکان، مانیفاکتۆرەکان(وەک نمونەیەک لەکاردابەشکردن)، کارخانە (وەک شێوەیەک لەکاری کۆمەڵایەتی کە لەسەربنەمای مەکینەو ئالەت بناغەی مادیەکەی، ڕێکخراوە)–، هەموو ئەمانە بەوێنەی شێوەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری دەردەکەون و توانای بەرهەمهێنەری کاریش پشتبەستوە بەم شێوانەی کاری بەکۆمەڵ – لەئاکامیشدا زانست و هێزە سروشتیەکانیش بەهەمان شێوە –لەشێوەی هێزی بەرهەمهێنەری سەرمایەدا دەردەکەوێ. لەڕاستیدا یەکگرتووبونی {کار} لە هەرەوەزیەکاندا، وەیا لێکهەڵپێکرانی {کار} لەڕێگای کاردابەشکردنەوە، وەیاخود سودوەرگرتن لەهێزەکانی سروشت وزانست لەپیشەسازیە ماکینەییەکاندا، بەمەبەستی ئامانجەکانی بەرهەمهێنان و لەپاڵ سودوەرگرتن لەبەرهەمەکانی کاردا– هەموو ئەمانە بەشێوەی شتێکی دەرەکی و ئۆبجێکتیڤ لەبەرامبەر کرێکاردا ڕادەوەستن. واتە وەک شێوازێک لەهەبوونی هۆیەکانی کار کە لە کرێکاران سەربەخۆن وئەوانی خستۆتەژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. دروست بەهەمان

# کارڵ مارکس

شێوه كه هۆیەكانی كار لەهەمان شێوەی سادەو بەرجەستەی خۆیاندا لەچەشنی بەرژەوەندیەكان و ئامرازەكان وشتیتر وەک خاسیەت و كاركردەكانی سەرمایە دەردەكەون و لەئاكامیشدا سەرمایەدار لەبەرامبەر كرێكاردا ڕادەگرێ.
شێوه كۆمەڵایەتیەكانی كاری خودی كرێكاران وەیا شێوەكانی كاری كۆمەڵایەتی كرێكاران، كۆمەڵە پەیوەندیەكن كەبەتەواوی سەربەخۆ لەتاک تاكی كرێكاران شكڵیان گرتوه. كرێكاران لەكاتێكدا كەدەبنە پاشكۆی سەرمایە، دەگۆڕدرێن بۆ بەشەكان و عونسورەكانی ئەم شكڵبەندیە كۆمەڵایەتیانە، - بەڵام ئەم شكڵبەندیانە بەخودی كرێكارانەوە پەیوەست نین و بەم پێیەش كرێكاران ئەم شكڵبەندیانە [لە نمونەی هەرەوەزیەكان، مانیفاكتۆرەكان و..هیتر]، وەكو شێوەكانی خودی سەرمایە لەبەرامبەر خۆیاندا سەیریان دەكەن، واتە بەوێنەی پێكهاتوگەلێک كەبەجیاواز لەهێزی كاری فەردی ئەوان، بەسەرمایەوە گرێیان خواردوە و لەوێشەوە سەریان دەرهێناوەو بەشێكن لەپەیكەرەی سەرمایە. سەرەڕای ئەم مەسەلەیە سەرەنجام دوو ڕەوەند لەپەرەسەندنی سەرمایەداری وەک دوو شكڵی هەرچی واقعی تر بەخۆوە دەگرن. لەسەرێكەوە خودی هێزی كاری كرێكاران بەچەشنێک لەلایەن ئەم شكڵانەوە تەعدیل وڕێكدەبێتەوە كەوەک هێزێكی سەربەخۆ، یانی لەدەرەوەی ئەم پەیوەندیە سەرمایەدارانەیە، بەتەواوی بێتوانا دەبێ و توانای بەرهەمهێنانی سەربەخۆیانەی نابود دەبێ. لەلایەكیتریشەوە لەگەڵ پەرەسەندنی ئامێرە میكانیكیەكاندا، وا دێتە بەرچاو كە هەلومەرجی كار لەڕوانگەی تەكنۆلۆژیەوە بەسەر كاردا زاڵدەبێ، ئەمە لەكاتێكدا ولەهەمان دۆخدا جێگای كار دەگرێتەوە وبەرەودواوەی دەبات و هەبوونی وەک شكڵێكی سەربەخۆ دەكاتە زیادە.
لەم پرۆسەیەدا، كەلەجەرگەیدا خەسڵەتی كۆمەڵایەتی كاری كرێكاران تائاستێكی دیاری كراو لەشێوەی بەسەرمایە بووندا، لەبەرامبەر كریكاراندا ڕادەوەستێ (بەهەمان شێوه كەبۆ نمونە لەبارەی ئامێری میكانیكیەوە، بەرهەمە بەرجەستەبوەكانی كار بەسەر خودی كاردا زاڵدەبن) دیارە لەبارەی هێزە سروشتیەكان وزانستیشەوە، یانی بەرهەمهاتوەكانی ڕەوتی كامڵوبوونی گشتی مێژوو لەجەوهەری ئەبستراكتی خۆیدا، دیسانەوە هەمان پێشهات ڕوودەدات. هەموو ئەمانەش وەک دەسەڵاتی سەرمایە لەبەرامبەر كرێكاراندا دەردەكەون. لەڕاستیدا ئەمانە [هێزە سروشتیەكان و زانست] لەشارەزایی و زانیاری هەر تاكێكی كرێكار جودان وئەگەر لەسەرچاوەكانیشیان بڕوانین، ئەمانە دیسانەوە خۆشیان بەرهەمی كارن- لەو شوێنەی كەئەمانە دێنە ناو پرۆسەی كارەوە، وەک بەرجەستەبوونێک لە سەرمایەدا دەردەكەونەوە. تاكێكی سەرمایەدار كەلەئامێر سودوەردەگرێ، پێویستی بەوە نیە كە لەبارەیەوە بزانێ(بگەڕێرەوە بۆ یۆر Ure) (٣) بەڵام زانستیک كەلەو ئامێرەدا بەكاربراوە،

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

لەپەیوەند بەکرێکارەوە وەک سەرمایە دەردەکەوێت. وەلەواقعدا تەواوی نمونەکانی بەکارهێنانە زانستییەکان، هێزە سروشتیەکان وبەرهەمەکانی کار لەئاستێکی فراوانداو تەواوی ئەو داهێنانەی لەسەر بناغەی کاری کۆمەڵایەتی بەدەستهاتوون، هەمویان بۆخۆیان وەک ئامرازگەلێک بۆ چەوسانەوەی کارو بەدەستهێنانی کاری زیادە سەر هەڵدەدەن ولەم ڕووەشەوە وەک تواناگەلێکی گرێدراو بەسەرمایەوە لەبەرامبەر کاردا ڕادەوەستن. وەک حاڵەتێکی سروشتی سەرمایە لەتەواوی ئەم هۆکارانە بۆ چەوسانەوەی کار سودیان لێوەردەگرێ. بەڵام بۆ چەوسانەوەی کار، سەرمایە ناچارە ئەمانە بخاتە بواری بەرهەمهێنانەوە. بەمجۆرەش پەرەسەندنی توانای بەرهەمهێنەری کۆمەڵایەتی کار و پێداویستیەکانی ئەم پەرەسەندنە، وەک کارکردی سەرمایە دێتە بەرچاو، بەجۆرێک کە نەک تەنیا تاکی کرێکار شێوە مامەڵەیەکی ناچالاک لەبەرامبەریدا دەگرێتەبەر، بەڵکو کارکردێکە کە لەدژی ئەو[کرێکار] پەیدابووە.

سەرمایە خۆی خاسیەتێکی دولانەی هەیە، چونکە لەکالا پێکدێت:

١/ بەهای گۆڕینەوە(دراو)؛ بەڵام [سەرمایە] بەهایەکی خۆ زیادکەرە – وەک ئەوەی بەهایەکە– کە بەها بەدەستدێنێ ووەک بەهاش گەشەدەکات و زیادبوونێک بۆخۆی بەدەست دێنێت، ئەم {گەشەیە} بەرئەنجامی گۆڕینەوەی بڕێکی دیاریکراوە لەکاری بەمادیبوو لەگەڵ بڕێکی زیاتر لەکاری زیندوودا.

٢/ بەهای بەکاربردن؛ لێرەدا [سەرمایە] خۆی لە ڕێگای پەیوەندیە تایبەتیەکانی خۆیەوە لەپرۆسەی کاردا خۆی دەردەخات. بەڵام ڕێک لەم شوێنەوە[سەرمایە] ئیتر هەر بەتەنها ماتریاڵکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کەخاوەندێتی خودی کاردەکەن وکاریان بەرەو خۆیان ڕاکێشاوە، بەڵکو جگەلە کار {سەرمایە هەموو} پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کار [لەچشنی تەعاونیەکان ومانیفاکتۆرەکانو هیتر] و پەرەسەندنی ئامرازەکانی کاریش کە گونجاوە لەگەڵ ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەدا دەگرێتەخۆی. بەرهەمهێنانی سەرمایەداری سەرەتا پێداویستیە بابەتی و خودیەکانی پرۆسەی کار – بە دەرکێشانیان لەدەستی تاکی کرێکاری سەربەخۆ – لەئاستێکی فراواندا پەرەپێدەدا، بەڵام دواتر ئەم پێداویستیانە، وەکو هێزگەلێکی باڵادەست بەسەر تاکی کرێکارەوەو بەوێنەی دیاردەیەکی دەرەکی بۆخۆی پەرپێدەدات. بەم شیوەیەش سەرمایە دەگۆڕدرێ بۆ دیاردەیەکی پڕلەنهێنی.

کەوایە سەرمایە [بەم شێوەیە] بەرهەمهێنەرە: (١) وەک ئەوەی هێزێکە کەکاری زیادە دەسەپێنێ، (٢) وەک ئەوەی (وجودێکی بەکەسێتی بوە) کە ڕاکێشەر و دەست بەسەرداگیرکەری هێزی بەرهەمێنەری کاری کۆمەڵایەتی و تواناکانی بەرهەمهێنەری گشتی کۆمەڵایەتیە، لەوانەش زانست.

لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەخاتە ڕوو کە ئەگەر توانای بەرهەمهێنەری کار بۆ سەرمایە گوازرابێتەوە، چۆن و بۆچی کار بەجیاواز لەسەرمایە وەک بەرهەمهێنەر دەردەکەوێ، یانی وەک کاری بەرهەمهێنەر دەناسرێتەوە، چونکە یەک توانای بەرهەمهێنەر ناتوانرێ دووجار بەحساب وەرگیرێت، واتە ناتوانرێ جارێک بەوێنەی توانای بەرهەمهێنەری کارو جارێکیتر بەوێنەی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە؟ (توانای بەرهەمهێنەری کار- توانای بەرهەمهێنەری سەرمایەیە. بەڵام هێزیکار لەو ڕووە بەرهەمهێنەرە کەجیاوازیەکی هەیە لەنێوان بەهایەک کەهەیەتی لەگەڵ ئەو بەهایەدا کەبەرهەمی دێنێ).

## (B) کاری بەرهەمهێن لەسیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا

تەنها کورتبینی بۆرژواییە کەباوەڕی وایە شێوەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری شێوەگەلێکی ڕەهان- بەم پێیەش بە شێوازێکی ئەبەدی وسروشتی بەرهەمهێنانە- دەکرێ ئەو پرسیارەی کە کاری بەرهەمهێن لەڕوانگەی سەرمایەوە چییە، لەگەڵ کاری بەرهەمهێندا بەشێوەیەکی گشتی، واتە لەگەڵ ئەوەدا کە چ جۆرە کارێک بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمهێنە، تێکەڵاوبکەن وبەهەڵە وەربگیرێ؛ وە بەم پێیەش ئەو وەڵامە نیشانی ئەقڵی کامڵی خۆیان بدەن کەهەر کارێک شتێک بەرهەمبهێنێ، وەیا هەرکارێک کەبەهەر شێوەیەک ئەنجامێک بەدەستەوە بدات، بەهەمان ئیعتبار کارێکی بەرهەمهێنەرە.

{یەکەم:} تەنها کارێک کەڕاستەوخۆ دەگۆڕدرێ بۆ سەرمایە بەرهەمهێنەرە؛ واتە تەنها ئەو کارەی کەسەرمایەی گۆڕاو دەگۆڕێ بەبڕێکی گۆڕاو و بەمپێیەش { گشت سەرمایە ، C } دەگۆڕێ بۆ )$\underline{C + \Delta}$ -٤-). ئەگەر سەرمایەی گۆڕدراو بەرلە گۆڕینەوەی لەگەڵ کاردا بە x دابنێین، لەحاڵێتکدا کەهاوکێشەیەکی لەمجۆرەمان هەبێت تێیدا y=x، ئەواپاش گۆڕینەوە ئەو کارەی کە بە x دامان نابوو- لەگەڵ سەرمایەی گۆڕاودا. - وەرگێڕی کوردی- دەگۆڕدرێ بە x+h و لەئەنجامیشدا y=x دەگۆڕدرێ بە y'=x+h بەم پێیەش ئەم کارە بەکاری بەرهەمهێن دادەدنرێت. ئەمە یەکەمین خاڵە کەدەبێ تێی بگەین. {واتە} کارێک کە زیدەبایی بەرهەم دەهێنێ وەک هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی زێدەبایی لەخزمەتی سەرمایەدا قەرادەگرێ وبەمپێیەش فرسەت دەرەخسێنێ تا سەرمایە خۆی وەک سەرمایەو وەک بەها یەکی خۆ زیادکەر دەرکەوێ، [بەم جۆرەش ئەم کارە کارێکی بەرهەمهێنە].

دووەم: توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی وگشتی کار، توانای بەرهەمهێنەری سەرمایەیە. بەڵام ئەم توانای بەرهەمهێنەریە تەنها بەپرۆسەی کارەوە پەیوەند دەبێ و تەنها کاریگەری لەسەر بەهای بەکاربردن دادەنێ. ئەم توانای بەرهەمهێنەریەش خۆی دەرخەری خاسیەتێکە کەسەرمایە بەوێنەی یەک شت لەخودی خۆیدا هەڵگریەتی. یانی دەرخەری بەهای

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

بەکاربردنەکەیەتی. ئەم [توانای بەرهەمهێنەریە] ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەهای گۆڕینەوە نیە. ئەگەر سەد کەس پێکەوە کاربکەن، وەیا هەریەکە لەو سەد کەسە بەتەنهایی کاربکات، بەهای بەرهەمەکانیان یەکسان دەبێت بە سەد ڕۆژ کارکردن، ئەمە بەجیا لەوەی ئەم {کارە} لەهەندێکی کەم وەیا زیادتر لەبەرهەمەکاندا دەرکەویتەوە. بەواتایەکیتر [هاوسەنگی] توانای بەرهەمهێنەری کار کاریگەری لەسەر بەها دانانێت. گۆڕانکاری لەتوانای بەرهەمهێنەری کاردا تەنها لەیەک ڕێگاوە کاریگەری لەسەر بەهای گۆڕینەوە دادەنێت.

ئەگەر توانای بەرهەمهێنەری کار بۆنمونە تەنها لەیەک ڕشتەی کاردا بچێتە سەرەوە، بۆ نمونە ئەگەر لەکاری چنیندا دەزگای میکانیکی شوێنی دەزگای دەستی بگرێتەوە ووەک بنەمایەک کاری پێبکرێ وچنینی یەکمەتر قوماش بەدەزگای میکانیکی نیوەی ماوەی کاری دەزگای دەستی پێویست بێت، ئەوا ١٢ سەعات کاری چنین بەدەزگای دەستی، بەهاکەی یەکسان نیە بە١٢ سەعات کار، بەڵکو یەکسانە دەبێت بە٦ سەعات، چونکە کاتی پێویست بوە بە ٦ سەعات.

بەڵام ئەم مەسەلەیە لێرەدا جێگای باسی ئێمە نیە. لەبەرامبەر نمونەکەی سەرەوەدا، با ڕشتەیەکیتری بەرهەمهێنان لەبەرچاو بگرین، بۆنمونە پیتچنین، کەتا ئەمرۆ هیچ دەزگایەکی میکانیکی تیا بەکارنایەت. ١٢ سەعات [کار] لەم ڕشتەیەدا بەدروستی هەمان ڕێژە لە بەها بەرهەم دێت لەماوەی ١٢ سەعات کاری ڕشتە گەلێکی تری بەرهەمهێناندا کەتێیدا ئامێری میکانیکی وشتی لەم بابەتەی بەباڵاترین ئاست تیا بەکار براوە. لەم ڕووەوە کار وەک فاکتۆرێکی بەرهەمهێنەری بەها، هەمیشە کاری فەردە، بەڵام بەشێوەی کاری گشتی دەرکەوتووە، سەرەنجام کاری بەرهەمهێنەر- واتە کارێک کەبەها بەرهەمدێنێ- هەمیشە وەک کاری هێزی کاری تاک وکاری کرێکارێکی دابڕاو، ڕووبەڕووی سەرمایە دەبێتەوە، جا ئەم کرێکارە لەهەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا [بەکۆمەڵیش] چووبێتە نێو پرۆسەی بەرهەمهێناوە، بەم پێیە و لەحاڵێکدا کەسەرمایە لەبەرامبەر کرێکاراندا توانای کۆمەڵایەتی کار دەخاتەڕوو، کاری بەرهەمهێنەری کرێکار، لەپەیوەند بەسەرمایەوە هەمیشە وتەنها دەرخەری کاری کرێکاری مونفەردە (دابڕاوە).

سێهەم: لەحالەتێکدا کەهەڵکشانی کاری زیادە ودەست بەسەردا گرتنی توانای بەرهەمهێنەری کۆمەڵایەتی کاریش لەلایەن سەرمایەوە وەک خاسیەتێکی سروشتی سەرمایە- وەبەم پێیەش خاسیەتیک کەلەبەهای بەکاربردنی ئەوەوە بەئاکامدێت، خۆی دەنوێنێ، ئەمەش وا دێتە بەرچاو کەئەوە خاسیەتێکی سروشتی کارە کەتوانای بەرهەمهێنەری خۆی بەوێنەی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە، زێدە {بەرهەم}ی خۆی وەک زێدەبایی، وەک خۆ - زیادکردنی سەرمایە، دەربخات.

ئێستا ئیتر دەکرێ ئەم سێ خاڵە هەڵسەنگێنین وجیاوازی نێوان کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێنی لێ دەربکێشین.
{دەربارەی١} بەرهەمهێنەربوونی سەرمایە لەو ڕاستیەدا بەدی دەکرێ کە سەرمایە لەگەڵ کاردا بەشێوەی کاری کرێگرتە ڕووبەڕووئەبێتەوە و بەرهەمهێنەربوونی کاریش لەو ڕاستیەدا بەدی دەکرێ کە کار لەگەڵ ئامڕازەکانی کاردا بەشێوەی سەرمایە ڕووبەڕووببێتەوە.
پێشتر بینیمان کەدراو لەم ڕێگایەوە دەگۆڕدرێ بۆ سەرمایە – واتە، یەک بەهای ئاڵوگۆڕی دیاریکراو دەگۆڕی بۆ بەهایەکی ئاڵوگۆری خۆ– زیادکەر، یانی بەبەهایەک بەزێدەباییەوە– کە بەشێکی بەکاڵایەک دەدرێ کەوەک هۆیەکانی کار(مەوادی خاو، ئامرازەکان وبەکورتی پێداویستیەکانی کار) دەخرێنە خزمەتی کارەوە وبەشێکی تریان بۆ کڕینی هێزی کار سەرف دەکرێ. بەڵام ئەوەی کەدراو (پارە) دەگۆڕی بۆ سەرمایە، ئەو گۆڕینەوە سەرەتاییەی نێوان دراو و هێزی کار، یان تەنها کڕینی هێزی کار نیە، بەڵکو بەم کڕینە بەکاربردنی هێزی کارە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، دەبێ بەبەشێک لە سەرمایە، وەیا ڕێژەیەکی دیاریکراو لەکاری زیندوو دەگۆڕێ بۆ یەکێک لەشێوەکانی مەوجودیەتی سەرمایە. بەواتایەکیتر دەگۆڕێ بۆ سەرچاوەی ژیانی سەرمایە.
لە پرۆسەی بەکردەوەی بەرهەمهێناندا، کاری زیندوو دەگۆڕێ بۆ سەرمایە، ئەمە بەو ئیعتبارەی کەلەلایەک [ئەمکارە] بەکرێ – واتە بەهای سەرمایەی گۆڕاو –، دووبارە بەرهەمدێنێتەوە ولەلایەکی تریشەوە زێدەبایی دەخوڵقێنێ ولەڕێگەی پرۆسەی ئەم گۆڕینەوەیەشەوە گشت بڕی دراوەکە دەگۆڕێ بۆ سەرمایە، ئەگەرچی تەنها ئەو بەشە لەدراو ڕاستەوخۆ گۆڕانی بەسەردا دێت کەسەرفکراوە بۆ پێدانی کرێ، ئەگەر بەهای پێشوو بەرابەر بوو بێت بە C+V ئێستا یەکسانە بە C+(V+X)، کەجیاوازیەکی لەگەڵ (C+V (X+ دا نیە(٥).بەواتایەکیتر بڕی ئەسڵی دراوەکە یان میقداری بەها فراوان بۆتەوە و خۆی وەک بەهایەک نیشان داوە کە لە هەمان کاتدا هەم خۆی پاراستووە و هەم زیادیشی کردووە.
لێرەدا دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین: ئەوەی کەتەنها بەشی گۆڕاوی سەرمایە ڕێژەیەکی زیادکراو بۆسەر سەرمایە بەرهەمدەهێنێ، بەهیچ جۆرێک ئاڵوگۆڕێک لەو ڕاستیەدا بەدی ناهێنێ کەلەڕێگای ئەم پرۆسەیەوە گشت بەهای ئەسڵی پەرەی سەندووە وبەڕادەیەک زێدەباییەکی دیاریکراو لەچاو پێشوتردا زیادی کردووەو بەم پێیەش گشت ڕێژەی دراوی ئەسڵی گۆڕدراوە بۆ سەرمایە. چونکە بەهای ئەسڵی یەکسانە بە C+V (سەرمایەی نەگۆڕ وگۆڕاو)، بەدرێژایی ئەم پرۆسەیە ئەم برەیش گۆڕدراوە بە ( .C+(V+X ئەم برەیەی دوایی

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

ئەو بەشە دووبارە بەرهەمهاتوەیە کە لەڕێگای گۆڕینی کاری زیندووەوە بە کاری بەمادی بوو خوڵقاوە – گۆرانکاریەک کەبەندە بەوەی کە V لەگەڵ هێزی کاردا گۆڕدراوەتەوە، وەیا V لەشێوەی کرێدا لەم کردەیەدا ئاڵوگۆری پێکراوە. بەڵام (C+(V+X یەکسانە بە+×+ (سەرمایەی یەکەمجار) .C+V هەروەها گۆڕینی V بۆ V+X و لەئەنجامیشدا گۆڕینی (C+V) بۆ (C+V)+X) ئەمەش تەنها دەتوانرێ لەڕێگای گۆڕینی بەشێک لەدراوەوە بۆ V ڕووبدا. واتە تەنها یەک بەش لەم ڕێگایەوە ئەتوانێ بگۆڕێ بۆ سەرمایەی گۆڕاو و بەشەکەی تریان بۆ سەرمایەی نەگۆڕ.

لەپرۆسەی بەکردەوەی بەرهەم هێناندا، کار لەدونیای واقعدا دەگۆڕێ بۆ سەرمایە. بەڵام ئەم گۆڕانە گرێدراوە بەهەمان گۆڕینەوەی یەکمجاری نێوان دراو و هێزی کارەوە. لەم ڕێگای ئەم گۆڕینەوە ڕاستەوخۆیەی کار، لەگەڵ کاری بەمادیبوودایە کەموڵکی سەرمایەدارەکەیە نەک کرێکارەکە، دراوی یەکەمجار دەگۆڕێ بۆ سەرمایە – ئەمەش ئەو سەرمایەیە دەگرێتەوە کەشێوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان یان هەلومەرجی کاری وەرگرتوە. تائەم برگەیە دراو – چ لەشێوەی تایبەتی خۆیدا بێت و چ لەشێوەی جۆرێک لەکاڵاکان(بەرهەمەکان)دا بێت دەتوانن لەبەرهەمهێنانی کاڵای تازەدا وەک ئامرزاەکانی بەرهەمهێنان بەکار ببرێن – ڕاستەوخۆ دەبنە جەوهەری سەرمایە.

تەنها بەدامەزراندنی ئەم پەیوەندیە دیاریکراوەیە لەگەڵ کاردا، دراو یان کاڵا دەگۆڕێ بۆ سەرمایە. وەتەنها ئەو کارەش بە کارێکی بەرهەمهێنەر ئەژماردەکرێ کە لەم ڕێگایەوە پەیوەندی لەگەڵ هەلومەرجی بەرهەمهێناندا– هەلومەرجێک کەهاوتا لەگەڵ خۆیدا جۆرێک لە کارکردی تایبەت لەپرۆسەی کار، دەکاتە پێویست– دراو و کاڵا بگۆڕێ بۆ سەرمایە. بەواتایەکیتر [ئەو کارە بەرهەمهێنەرە] کەبەهای کاری بەمادی بوو، وە سەربەخۆ لەهێزی کار، دەپارێزی وزیادی دەکات. کاری بەرهەمهێن تەنها کورتە دەربڕینێکە بۆ گشت پەیوەندی وشکڵ وشێوازیک کەتیایدا هێزی کار لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا خۆی دەردەخات. جیاوازی [کار]ی بەرهەمهێن لەگەڵ هەموو جۆرەکانی کاردا گرنگیەکی زۆری هەیە. چونکە ئەم جیاوازیە ئەو شکڵە تایبەتیەی کار دەخاتەڕوو، کەگشت شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و خودی سەرمایە، پشتی پێبەستوە.

بەم پێیە کاری بەرهەمهێن، – لەسیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا– کارێکە کەبۆ خاوەنەکەی زێدەبایی بەرهەمدێنێ، [وەیان بەدەربڕینێکیتر] هەلومەرجی بابەتی کار دەگۆڕێ بۆسەرمایەو خاوەنەکەشی بۆ سەمایەدار؛ واتە [کاری بەرهەمهێن] کارێکە کە بەرهەمەکەی بەشێوەی سەرمایە بەرهەمدێنێ.

کەوایە کاتێک لەبارەی کاری بەرهەمێینەوە دەدوێین، قسە لەسەر کارێکی دیاریکراوی

کۆمەڵایەتی دەکەین، کارێک کەبەڵگەیە بۆ وجودی پەیوەندیەکی سەراپا تایبەت لەنێوان فرۆشیارو کڕیاری کاردا.
ئێستا ئەگەر چی دراوێک لەدەست کڕیاری هێزی کاردا بێت (یا کالاگەلێک کەخاوەنیەتی: وەک ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وەیا هۆیەکانی بژێوی کرێکاران) بەڵام تەنها لەڕێگای ئەم پرۆسەیەوە دەبێت بەسەرمایە، واتە تەنها لەم پرۆسەیەدا دەگۆڕێ بۆ سەرمایە - چونکە ئەم شومەکانە بەرلەوەی بچنە ناو ئەم پرۆسەیەوە، سەرمایە نین، بەڵکو تەنها بڕیارە ببن بەسەرمایە- بەڵام هەبوونی ئەمانە جەوهەری سەرمایەن. ئەمانە بە هۆی شێوەی سەربەخۆی خۆیانەوە، لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەیاندا بەرامبەر بەهێزی کار وهەروەها ڕووبەڕووبونەوەی هێزی کار لەبەرامبەریاندا، لەجەوهەریاندا سەرمایەن - پەیوەندیەک کە گۆڕینەوەیان لەگەڵ هێزی کارداو بەدوای ئەم گۆڕینەوەیەشدا پرۆسەی گۆڕینی کار بۆ سەرمایە دەکاتە کردەیەکی پێویست ودابین دەبێت. ئەم شتانە [دراو و هۆیەکانی بەرهەمهێنان وبژێوی] لەسەرەتاوە لەپەیوەند بەکرێکارانەوە لە خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەهرەمەندن، خەسڵەتێک کەئەمانە دەکات بەسەرمایەو بەسەر کاردا زاڵدەبن. بەم پێیەش ئەم شتانە پێشمەرجگەلێکن کەوەک سەرمایە لەبەرامبەر کرێکاردا ڕادەوەستن.
بەم پێیە کاری بەرهەمهێن، کاتێک دەتوانرێ ئەم ناوەی لێبنرێ کەراستەوخۆ لەگەڵ دراودا لەشێوەی سەرمایەدا، گۆڕدرابێتەوە، بەدەربڕینێکی کورت، ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرمایەدا ئاڵوگۆڕی پێ کرابێت، واتە بەدراوێک کەلە جەوهەری خۆیدا سەرمایەیە، دراوێک کەبڕیارە وەک سەرمایە کاربکات، وەیا بەوێنەی سەرمایە لەبەرامبەر هێزی کاردا ڕاوەستابێت. دەستەواژەی "کارێک کەڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرمایەدا گۆڕدراوەتەوە" نیشانەی ئەوەیە کە کار لەگەڵ دراودا بەوێنەی سەرمایە گۆڕدراوەتەوە وبەکردەوە دەیگۆڕێ بۆ سەرمایە. کەمێکیتر لەخوارەوە گرنگی خەسڵەتی ڕاستەوخۆی ئەم ئاڵوگۆڕکردنە ڕۆشن دەکەینەوە.
بەم پێیە کاری بەرهەمهێن کارێکە کەبۆ کرێکار بەهایەکی لەپێشەوە دیاریکراوی هێزی کار، دوبارە بەرهەمدەهێنێتەوە، بەڵام وەک چالاکیەک کەبەها دەخولقێنێ وبەهای سەرمایەش بەرەوسەرەوە دەبات. بەواتایەکیتر [کارێکە] بەهاگەلێکی بەرهەم هێناوە، کەلەشێوەی سەرمایەدا، بەرامبەر بەخودی کرێکار ڕایدەگرێ.

## (C) دوو قۆناغی لەبنەڕەتەوە جیاوازی گۆڕینەوەی نێوان سەرمایەو کار

هەروەک لەهەڵسەنگاندنماندا بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان بینیمان(٦) کەلە گۆڕینەوەی نێوان سەرمایەو کاردا، پێویستە دوو قۆناغی لە بنەڕەتەوە جیاواز، بەڵام وابەستە بەیەک لێک جیابکەینەوە.

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

یەکەم: یەکەم گۆڕینەوەی نێوان سەرمایەو کار پرۆسەیەکی فۆرماڵە(شکڵییە) کە تێیدا سەرمایە لەشێوەی دراودا کاردەکات وهێزی کاریش بەشێوەی کاڵا. لەڕوانگەی تێگەیشتنەوە وەیا لەبارەی حقوقیەوە، فرۆشتنی هێزی کار لە یەکەم قۆناغدا ئەنجام دەدرێ، ئەگەر چی بەهای کار تەنها لەدوای ئەنجامدانی کارەکە - واتە کۆتایی ڕۆژ وەیا هەفتە وهیتر- دەدرێت. ئەم مەسەلەیە بەهیچ جۆرێک گۆڕانکاری لەم مامەڵەیەدا پێکناهێنێ، کەلە جەرگەیدا هێزی کار فرۆشراوە. ئەوەی لەم مامەڵەیەدا ڕاستەوخۆ فرۆشراوە، کاڵایەک نیە کە لەحاڵی ئێستایدا، بەدەستهاتبێت، بەڵکو بەکاربردنی خودی هێزی کارو بەم پێیەش خودی کار جێبەجێکراوە، چونکە بەکاربردنی هێزیکار هەمان ئەو چالاکیەیە کەهەیەتی، واتە خودی کارەکەیە. بەمجۆرەش ئەم [گۆڕینەوەیە]، گۆڕینەوەی کار نیە لەڕێگای گۆڕینەوەی کاڵاکانەوە. کاتێک کە ئەلف پێڵاو بەباء دەفرۆشێ، هەردوولایان کار دەگۆڕنەوە، یەکەمیان کارێک کە لە پێڵاوەکەدا سەرفکراوە و دوەمیشیان کارێک کەلە درواودا بەرجەستەبۆتەوە. بەڵام لەگۆڕینەوەی یەکەمدا [واتە لەگۆڕینەوەی فۆرماڵی نێوان کارو سەرمایەدا] لەلایەکەوە کارێک کەمادیەتی وەرگرتووە ولەشێوە کۆمەڵایەتیە گشتیەکەی خۆیدا، یانی دراو، دەگۆڕدرێتەوە بەکارێک کەهیشتا تەنها لەشێوەی هێزێکدایە کە مەوجودە؛ وە ئەوەی کە لەم نێوەدا دەکڕدرێ و دەفرۆشرێتەوە، بەکاربردنی ئەم هێزەیە، واتە خودی کارە، ئەگەرچی بەهای ئەو کاڵایەی کەدەفرۆشرێت بەهای کار نیە ( کەئەمە دەربڕینێکی بێمانایە)، بەڵکو بەهای هێزی کارە. کەوایە ئەوەی ڕوودەدات گۆڕینەوەیەکی ڕاستەوخۆی نێوان کاری بەمادی بوە لەگەڵ هێزی کاردا، کە لەواقعدا، دەگات بەکاری زیندوو. سەرەنجام [ ئەمجۆرە گۆڕینەوەیە] گۆڕینەوەیەکە لەنێوان کاری بەمادی بوو، لەگەڵ کاری زیندودا. هەروەک پێشتر ڕۆشنمان کردەوە، کرێ - واتە بەهای هێزی کار- بەشێوەی نرخی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ، واتە نرخی کار (٧) دەردەکەوێ.

لەم قۆناغەی یەکەمدا، پەیوەندی نێوان کرێکارو سەرمایەدار، پەیوەندی نێوان فرۆشیار وکڕیاری یەک کاڵایە. سەرمایەدار بەهای هێزی کار، واتە بەهای کاڵایەک کە دەیکڕێ، دەدات. بەڵام هەر لەم کاتەدا هێزی کار تەنها لەبەر ئەوە دەکڕدرێ، کە بتوانێت کارێک ئەنجامبدات، کەبەڵێنی لەسەردراوە وزیاتریشە لەو کاری کە بۆ دوبارە بەرهەمهێنانەوەی خودی هێزیکار پێویستە. بەم پێیە کارێک کە ئەنجامدەدرێت، دەرخەری بەهایەکی زیاترە، لەبەهای هێزیکار.

دووەم: قۆناغی دووەمی گۆڕینەوەی نێوان سەرمایەو کار، لەواقعدا هیچ پەیوەندێکی بەقۆناغی یەکەمەوە نیە وبەواتای بەرتەسکی وشەکەش، تەنانەت گۆڕینەوەیەکیش نیە.

لەقۆناغی یەکەمدا، لەنێوان دراو وکاڵادا گۆڕینەوەیەک ڕوودەدا —گۆڕینەوەی نێوان

هاوتاکان- و کرێکارو سەرمایەدار بەوێنەی خاوەنانی کاڵا ڕووبەڕبەڕووی یەک دەبنەوە. دوو شتی هاوتا پێکەوە دەگۆڕدرێنەوە. (واتە، بەدەربڕینێکیتر، ئەوەی ئەم گۆڕینەوەیە کەی سەردەگرێ، لەم پەیوەندەدا گوێی پێنادرێ، و ئەوەشی ئایا نرخی کار زیاتر وەیا کەمتر بێت لەبەهای هێزی کار، وەیا یەکسانیش بن بەیەک، هیچ گۆڕانکاریەک لەم بازرگانیکردنەدا پێکناهێنێت. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەم [گۆڕینەوەیە] دەتوانێ بەپێی یاسای گشتی گۆڕینەوەی کاڵا ئەنجامبدرێت.

لەقۆناغی دووەمدا، لەبنەڕەتەوە گۆڕینەوەیەک لەئارادا نیە. خاوەنی دراو ئیتر کڕیاری کاڵا نیە وکرێکاریش ئیتر فرۆشیاری هێزی کارەکەی نیە. خاوەن دراو ئێستا ئیتر وەک سەرمایەدار دەستبەکار دەبێت. ئەو کاڵایەکی کڕیوە تا بەکاری بێنێ وکرێکاریش ئەمەی بۆ دابین دەکات، چونکە بەکار بردنی هێزی کارەکەی شتێکی زیاتر لەئەنجامدانی کارەکەی نیە. لەڕەوتی گۆڕینەوەکەی پێشتردا، کار خۆی گۆڕدراوە بۆ بەشێک لەسامانی بەمادی بوو. کرێکار کار ئەنجامدەدات، بەڵام کارێکە کە بەسەرمایەوە وابەستەیە و یەکێکە لەوەزیفەکانی (Function)سەرمایە. لەبەرئەوەی کار ڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵ و بڕیاری سەرمایەدا ئەنجامدەدرێت؛ بەرهەمێکیش کەهەر ئەم کارە مادیەتی پێدەدا، دەبێتە قاڵبێکی تازە کەسەرمایە خۆی تیا دەنوێنێ، یا بەدەربڕینێکی تر قاڵبێک کەسەرمایە تیایدا خۆی بەکردوە وەک سەرمایە بەدیدێنێت. بەم پێیە دوای گۆڕینەوەی یەکەم، کار بەشێوەی فۆرماڵ [ڕەمزی] تێکهەڵکێش دەبێ لەگەڵ سەرمایەدا، ئەوەی لەم پرۆسیەدا [قۆناغی دووەم، پرۆسەی کار]، کار ڕاستەوخۆ مادیەت بەخۆوە دەگرێت، و ڕاستەوخۆ دەگۆڕێ بۆ سەرمایە. وە بەدڵنیایەوە لەوشوێنەی کارێک دەگۆڕێ بۆ سەرمایە، زیاترە لەو سەرمایەیەی کە لەپێشەوە سەرفکراوە بۆ کڕینی هێزی کار. لەم پرۆسەیەشدا بەشێک لەکار، بەخۆڕایی وبێبەرابەر دەستی بەسەرداگیراوە. تەنها لەم شێوەیەدایە کەدراو خۆی دەگۆڕێ بۆ سەرمایە.

بەڵام ئەگەرچی لەم قۆناغەدا هیچ گۆڕینەوەیەک بەکردەوە ئەنجام نادرێ، وسەرەنجامی ئەم کردەیەش ئەگەر لەسەرێکەوە ئاکامەکەی داببڕین، بەوەدەگەین کە لەگشت ئەم پرۆسەیەدا- هەردوو قۆناغەکە پێکەوە - ڕێژەیەکی دیاریکراو لەکار کەمادیەتی وەرگرتووە، لەگەڵ ڕێژەیەکی زیاتر لەکاری زیندوو گۆڕدراوەتەوە. ئەم واقعیەتە لەم شێوەیەیداو لەبەرەنجامی ئەم پرۆسەیەدا دەردەکەوێ، کارێک کەخۆی لەبەرهەمەکانی خۆیدا، مادیەتی وەرگرتوە، لەچاو ڕێژەکەیدا، زیاترە لەو کارەی کەلەهێزی کاردا ماتریاڵیزە بووە، بەم جۆرەش زیاترە لەکارێکی بەمادی بوو، کەبە کرێکارەکە دراوە. بەواتایەکیتر بەو شێوەیەی کە بەکردەوە لەڕەوتی ئەم پرۆسەیەدا، سەرمایەدار نەک تەنها ئەو بەشە لەسەرمایەکەی کە

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

لەشێوەی کرێدا داویەتی، دوبارە وەری دەگرێتەوە، بەڵکو لەهەمانکاتدا زێدەباییەکیش بەدەست دێنێت، کە لەبەرمبەریدا خەرجییەکی نەکێشاوە. گۆڕینەوەی ڕاستەوخۆی کار وسەرمایە دەرخەری ئەم خاڵانەن:(١) گۆڕینی ڕاستەوخۆی کار بۆ سەرمایە، [واتە] بە بەشێک وپێکهێنەری مادی سەرمایە لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا؛ (٢) گۆڕینەوەی هەندێکی دیاریکراو لەکارێک کەمادیەتی بەخۆیداوە، بە هەمان هەند لەکاری زیندوو، بە هەندێکی زیاترەوە لەکاری زیندوو کە بەبێ گۆڕینەوە دەستی بەسەرداگیراوە.

ئەو قسەیەی کەدەڵێت کاری بەرهەمهێن کارێکە کەڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرمایەدا دەگۆڕدرێتەوە، هەموو ئەم قۆناغانە دەگرێتەوە و بەتەنهاش دەستەواژەیەکی دەرکێشراوە و ئەو واقعیەتە دەخاتەڕوو کە کاری بەرهەمهین کارێکە کە دراو دەگۆڕێ بۆ سەرمایە، کارێک کە لەگەڵ پێداویستیەکانی بەرهەمهیناندا وەک سەرمایە دەگۆڕدرێتەوە، بەمپێەش لەپەیوەندی نێوان کار و هەلومەرجی بەرهەمێیناندا، ئەم پێداویستیانە بەتەنیا وەک پێداویستی ساف و سادەی بەرهەمهێنان لەبەرامبەر کاردا ڕاناوەستن وهەروەها کاریش وەک کار ێک لەشێوەیەکی گشتیدا(موجەڕەدا) کە هەرجۆرە خەسڵەتێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی خۆی لەدەست دابێت، لەبەرامبەر پێداویستیەکانی بەرهەمهێناندا دەرناکەوێت. ئەم دەربڕینانە ئەم خاڵانە دەگرێتە خۆی: (١) پەیوەندی دراو وهێزی کار بەیەکتریەوە وەک کاڵا، کڕین و فرۆشتنی نێوان خاوەنی دراو و خاوەنی هێزی کارە؛ (٢) گرێدراوبوونی ڕاستەوخۆی کار بەسەرمایەوە؛ (٣) گۆڕینی واقعیانەی کار بۆ سەرمایە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندایە، بەدەربڕینێکیتر بەدەستهێنانی زێدەبایی بۆ سەرمایە، دووجۆر گۆڕینەوەی نێوان کارو سەرمایە ڕوودەدات. یەکەمیان تەنها دەرخەری کڕینی هێزی کارە کەسەرەنجام لەواقعدا کڕینی خودی کارەو بەرئەنجامی ئەمەیە، وەدوەمیان گۆڕینی ڕاستەوخۆی کاری زیندووە بەسەرمایە و بەدەربڕینیکیتر بەمادی بوونی کاری زیندووە وەک کردەیەک بۆ [بەدەستهێنان]ی سەرمایە.

## (D) بەهای بەکاربردنی تایبەتی کاری بەرهەمهێن بۆ سەرمایە

ئەنجامی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نە بەرهەمهێنانی بەتەنهای بەرهەمە (بەهای بەکاربردرن) ونە کاڵایە، یانی بەرهەمهێنانی ڕووتی بەهایەکی بەکاربردن نیە، کەهەڵگری بەهایەکی دیاریکراوی گۆڕینەوە بێت، بەڵکو ئەنجام وبەرهەمی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەدەستهێنانی زێدەباییە بۆ سەرمایە ولەئاکامیشدا گۆڕینی بەکردەوەی دراو یان کاڵایە بۆ سەرمایە - واتە بۆ ئەوشتەی کە[دراو وکاڵا] بەرلە پرۆسەی بەرهەمهێنان تەنها وەک ئیمکانێک و لەجەوهەری خۆیدا ئەوەبوون وبڕیاریشە وابێت. لەپرۆسەی

بەرهەمهێناندا هەندێک کاری زیاتر لەچاو ئەوەدا کە[لەلایەن سەرمایەدارەوە] کرِدراوە، دەمژرێت. ئەم کارە مژراوە، یانی دەست بەسەرداگرتنی کاری کەسانی ترە بەبێ بەرامبەر، کەلە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دادەپۆشرێت، ئەمەش ئامانجی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە؛ چۆنکە ئەوەی کەسەرمایە وەک سەرمایە [هەروەها سەرمایەدار وەک سەرمایەدار] خوازیارە بەرهەمی بهێنێت، بەرهەمهێنانی بەهایەکی بەکاربردن نیە کە ڕاستوخۆ بۆ بەکاربردنی شەخسی بێت، هەروەها کالآیەک نیە کە لەسەرەتاوە بۆ دراو و لەقۆناغی دواتریشدا بۆ بەهای بەکاربردن بگۆردرێت. ئامانجی [سەرمایە] کەڵەکەی سامان، خۆزۆرکردنی بەها، وزیادکردنیەتی. بەواتایەکیتر ئامانجی هێشتنەوەی بەهای پێشوتر و بەدەستهێنانی زێدەباییە، سەرمایە تەنها لەڕێگای گۆڕینەوەی لەگەڵ کاردا ولە پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ئەم بەرهەمە تایبەتە، بەدەست دێنێت و هەربەم هۆیەشەوە ئەمکارە بەکاری بەرهەمهێن ناودەبرێ.

کارێک کەبڕیارە کالآ بەرهەمبهێنێت، دەبێ کارێکی بەسود بێت؛ دەبێ بەهای بەکاربردن بەرهەمبهێنێ؛ دەبێ خۆی لەبەهای بەکاربردندا دەرخات. لەمڕووەوە تەنها ئەو کارەی کەخۆی لەکالآدا، یانی لەبەهای بەکاربردندا، دەنوێنێ کارێکە کەبە سەرمایە دەگۆڕدرێتەوە. ئەمەش مەسەلەیەکی بەڵگە نەویستە. بەڵام ئەم خەسڵەتە کۆنکرێتییەی کار، واتە خودی بەهای بەکاربردنی ئەمکارە، بۆ نمونە ئەگەر کارەکە خەیاتی بێت، پینەچی بێت، وەیا ڕستن وچنین وشتی لەمجۆرە بێت، – ئەمانە ئەو شتە نیە کەبەهایەکی تایبەتی بەکاربردنی کار بۆ سەرمایە پێکبهێنێ ولەسیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا مۆری کاری بەرهەمهێنەر لەخودی کاردەدات. ئەوەی کەبەهای بەکاربردنێکی تایبەتی کار بۆ سەرمایە پێکدەهێنێت، خاسیەتە تایبەتە سودبەخشەکەی کار نیە، بەهەمان شێوەش لەسیفەتە دیاریکراو و بەسودەکانی بەرهەمەکاندا نیە، کەئەم کارە تیایاندا مادیەتی پێداروە، بەڵکو ئەوەی کەبەهای بەکاربردنی تایبەتی کار بۆ سەرمایە پێکدێنێت، خەسڵەتی کارێکە کەوەک عونسورێک دەتوانێ بەهای گۆڕینەوە بەدیبهێنێ. واتە کاری موجەڕەد؛ وەلە ڕاستیدا ئەمەش نەک لەوڕووەوە کەهەڵگری ڕێژەیەکی دیاریکراوە لە کاری گشتی، بەڵکو لەورووەوە کەنوێنەرەوەی ڕێژەیەکی زیاترە بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی کە نرخەکەیەتی، واتە لەوەی کەلە بەهای هێزیکاردا شاراوەیە.

بۆ سەرمایە بەهای بەکاربردنی هێزی کار بەدیاریکراوی هەمان زیادکردنی ئەو ڕێژە کارەیە کە ئەنجام دەدرێ و دەچێتەسەر ئەو ڕێژەیە لەکار کەلەخودی هێزی کاردا مادی بۆتەوە و بەمجۆرەش بۆ بەرهەمهێنانی ئەم هێزی کارە پێویستە. دیارە [هێزی کار] ئەم ڕێژەیە لەکار لەهەمان شکڵی دیاریکراویدا خۆی دەخاتەڕوو کە لەخودی خۆیدا کارێکی

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

سودمەندە، بۆ نمونە کاری ڕستن، کاری چنین و هیتر. بەڵام ئەم خەسڵەتە کۆنکریتەی [هێزیکار] کە مۆڵەتدەدات تا شکڵی کاڵایەک بەخۆیەوە بگرێ، بەهای بەکاربردنێکی تایبەت بۆ سەرمایە پێک ناهێنێت. ئەم بەهای بەکاربردنە تایبەتەی هێزی کار بۆ سەرمایە لەبڕەکەیدا بەوێنەی کاری گشتی وبەجیاواز لە ڕێژەی ئەو کارە کەئەم [هێزی کارە] ئەنجامی دەدات، هەمان ڕێژەیە لەکار کەبۆی سەرفکراوە.
ڕێژەیەکی دیاریکراو لەدراو، بۆ نمونە X لەوڕووەوە دەگۆڕێ بۆ سەرمایە کەلەبەرهەمەکەدا بەشێوەی X+H دەرکەوێت. بەواتایەکی تر لەوڕووەوە کەڕێژەیەک لەکار کە لەو بەرهەمەدا شاراوەیە، لەو هێندە لەکار کە لەسەرەتاوە لەدراوەکەدا هەبووە زیاترە. ئەمەش بەرئەنجامی گۆڕینەوەی نێوان دراوە لەگەڵ کاری بەرهەمهێنداا؛ بەواتایەکیتر، تەنها ئەو کارە بەرهەمهێنە کاتێک کە لەگەڵ کارێکی بەمادی بوودا دەگۆڕدرێتەوە، ئەو توانایە بسازێنێت تا ڕێژەیەکی زیاتر لەکارە بەمادیی بووەکە دەربهێنێ.
بەم پێیەش، پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەتەنها بەرهەمهێنانی کاڵانیە. [بەڵکو] پرۆسەیەکە کەکاری بێکرێ دەمژێ و مەوادی خاو وئامڕازەکانی کاریش- ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان - دەگۆڕێ بۆ ئامڕازی مژینی کاری بێکرێ.
ئەوەی کەوتمان بەو ئەنجامە دەگات، کەناوبردنی هەر کارێک بە کاری بەرهەمهێن، هیچ پەیوەندیەکی بەناوەڕۆکی دیاریکراوی ئەو کارە وجۆری بەکاربردنە تایبەتیەکەی و بەبەهای بەکاربردنە تایبەتییەکەیەوە نیە کە خۆی تیادەردەخات. یەک جۆر کاری تایبەت ئەتوانێ هەم بەرهەمهێن و هەم نابەرهەمهێن بێت. بۆ نمونە میلتۆن کاتێک کەلەبەرامبەر پێنج پاوەند (مەبەست دراوی بەریتانیە- وەرگێڕ.ک) دا، بەهەشتی ونبووی نوسی، کرێکارێکی نابەرهەمهێن بوو. بەڵام کاتێک کە نوسەرێک بەشێوازی کارخانە و بۆ دەزگایەکی بڵاوکردنەوە خودی نوسینەکەی بڵاودەکاتەوە کرێکارێکی بەرهەمهێنەرە. میلتۆن بەهەشتی ونبووی بەهەمان هۆکار بەرهەمهێنا کە کرمی ئاوریشم، ئاوریشم بەرهەمدێنێت. ئەمە بزاوتێکی سروشتیانەی خودی ئەو بوو. دواتر ئەو بە پێنج پاوەند فرۆشتی. بەڵام پرۆلیتاریای ئەدەبی لایپزیک کەلەژێر فەرمانی دەزگایەکی پەخشدا کتێب مۆنتاژ دەکات (بۆنمونە ئەنسۆکلۆپیدیای ئابوری) کرێکارێکی بەرهەمهێنە. چونکە بەرهەمەکەی لەسەرەتای کارەوە لەلایەن سەرمایەوە بۆتە پاشکۆ و تەنها بەمەبەستی زیادکردنی سەرمایە هاتۆتەبوون. گۆرانیبێژێک کە بۆگیرفانی خۆی گۆرانی دەڵێ کرێکارێکی نابەرهەمهێنە، بەڵام ئەگەر هەر ئەم گۆرانی بێژە لەلایەن خاوەنکارێکەوە ئیستخدام بکرێت وبۆ بەدەست هێنانی پارە گۆرانی بڵێت، دەبێت بەکرێکاری بەرهەمهێن، چونکە سەرمایە بەرهەمدەهێنێت.

## (E) كاری نابەرهەمهێن وەک ئەو كارەی كەخزمەتگوزاری ئەنجام دەدات. كڕینی خزمەتگوزاری لەهەلومەرجی سەرمایەداریدا. تێگەیشتنی باو لە پەیوەندی نێوان كارو سەرمایە، بەوێنەی گۆڕینەوەی خزمەتگوزاری

لێرەدا چەند مەسەلەی جیاواز دەبێ لێک جیابكرێنەوە:

ئەوەی كەمن بۆ نمونە پانتۆڵێک بكڕم، یا پارچە قوماشێک بەدەستبهێنم وخەیاتیک بهێنمەوە بۆ ماڵەوەو لەبەرامبەر خزمەتەكەیدا (واتە كاری درونەكەی) پارەیەک بدەم تا پارچە قوماشەكەم بۆ بگۆڕێ بۆ پانتۆڵێک، ئەوا بۆ من هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێ، مادام كە من مەبەستم تەنها دورینی پانتۆڵەكەیە. بەڵام من پانتۆڵ لەجلوبەرگ فرۆش دەكڕم چونكە ڕێگای یەكەم بەگرانتر تەوادەبێت وپانتۆڵێک كەدرونەكەی لەلایەن سەرمایەدارەوە بەرهەم هاتبێت، كاری كەمتر دەباو بەمجۆرەش هەرزانترە لەو پانتۆڵەی كەخەیاتێكی ڕاسپێردراو بۆم بدورێت. بەڵام لەهەردوک ئەم حاڵەتەدا پارەیەک كەسەرفی كڕینی پانتۆڵەكە كراوە، بەسەرمایە نەگۆڕدراوەتەوە، بەڵكو بەپانتۆڵ گۆڕدراوەتەوەو هەردو حاڵەتەكەش ئەوە دەگرنە خۆ، كەمن سودم لەدراو وەک ئامرازێكی گۆڕینەوە وەرگرتووە، واتە گۆڕیومەتەوە بەبەهایەكی دیاریكراوی بەكاربردن. بەم پێیە لێرەدا دراو بەوێنەی سەرمایە كارناكات، ئەگەرچی لەحاڵەتێكیاندا شوێنی یەک كاڵای گرتۆتەوە ولەحاڵەتەكەی تریشیاندا خودی كار وەک یەک كاڵا كڕدراوە. لێرەدا دراو بەتەنها وەک دراو كاردەكات، وەیا وردتر بڵێم وەک ئامرازێكی گۆڕینەوە كاری كردووە.

لەلایەكیترەوە خەیاتە ڕاسپێردراوەكە (كەلەماڵی خۆمدا وبۆ من كاردەكات) كرێكارێكی بەرهەمهێن نیە، ئەگەرچی بەرهەمی كارەكەی، یانی پانتۆڵەكە، من دەبم بەخاوەنی ونرخی كارەكەی، واتە پارەیەک بەو دراوە، ئەشێت ڕێژەی كارێک كەلەلایەن خەیاتە ڕاسپێردراوەكەوە ئەنجامدراوە زیاتر بێت لەچاو كارێكدا كە بەرامبەر بەنرخێک كەلەمنی وەردەگرێت، تەنانەت دورنیە ئەمە وابێت، چونكە نرخی كاری خەیاتەكە بەپێی نرخێک دیاریدەكرێ كەخەیاتی بەرهەمهێنەر وەری دەگرێ. بەڵام لەهەرحاڵدا، تائەو جێگەیەی بەمنی [كڕیار] دەگەڕێتەوە لەمەدا جیاوازیەک نیە. كاتێک كە نرخ دیاریكرا، ئەمە بۆمن ئیتر وەک یەكە كاتێک ئەو هەشت یان دە كاتژمێر كاربكات. ئەوەی لەم نێوەدا پەیوەندی بەمنەوەیە تەنها بەهای بەكاربردنە، واتە پانتۆڵەكەیە. دیارە كڕیار بەهەر جۆرێک بێت كە بیەوێت پانتۆڵ بكڕێت، مەیلی بەلای ئەوەدایە كەهەرچی كەمترە ئەوەندەی پێبدات و لەهەردووک ئەم حاڵەتانەشدا دەخوازێت نەزیاترو نەكەمتر لەوتریان بدات. بەواتایەكیتر، من ئەمەوێ تەنها نرخی باو بدەم. ئەمە یەک تێچونی بەكاربردنی منە. ئەمە زیادبوونی پارەی من نیە،

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

بەڵکو کەمبوونەوەیەتی. ئەمە بەهیچ جۆرێک ڕێگای دەوڵەمەند بوونی هیچ کەسێک نیە، بەهەمان شێوە خەرجکردنی پارە بەمەبەستی هەر بەکاربردنێکی شەخسی، ئیتر نابێت بەڕێگایەک بۆ دەوڵەمەند بوون.
لەوانەیە کەسێک لەنێو زاناکانی Paul de Kock بەمن بڵێت کەئەگەر پانتۆڵ نەکڕیت، دروست وەک ئەوەی کەئەگەر نان نەکڕیت، زیندوو نامێنیت وناشتوانیت قسەیەک لەدەوڵەمەند بون بکەیت، وەک ئەوەی کڕینی پانتۆڵ لەم شێوەیەیدا هۆکارێکی ناڕاستەوخۆ، یالانی کەم مەرجێکە، بۆ دەوڵەمەندتر بوونی من - دروست وەک ئەوەی سوڕی خوێن و پرۆسەی هەناسەدانم مەرجێک بن بۆ دەوڵەمەندبوونی من، بەڵام نە سوڕی خوێن و نە هەناسەدانەکەم خۆی لەخۆیدا من دەوڵەمەندتر ناکات، بەپێچەوانەوە هەردوکیان گرێدراون بەکردەی پرمەسەرەفی وەرگرتنی خۆراکەوە؛ ئەگەر ئەمە پێویست نەبوایە، ئیتر هیچ هەژارێکی بەدبەخت پەیدانەدەبوو. بەم پێیە بەتەنها گۆڕینەوەی ڕاستەوخۆی دراو لەگەڵ کاردا، دراو بۆ سەرمایە و کار بۆ کاری بەرهەمهێن ناگۆڕێت.
کەواتە خەسڵەتی ئەم گۆڕینەوەیە چیە؟ و لەچڕویەکەوە لەگەڵ گۆڕینەوەی دراو بەکاری بەرهەمهێن جیاوازی هەیە؟ [ئەم جیاوازیە] لەلایەکەوە لەوەدایە کەدراو وەک دراو خەرجکراوە، وەک شکڵێکی سەربەخۆ لەبەهای گۆڕینەوە وبڕیارە بگۆڕدرێت بۆ بەهای بەکاربردن، بۆ پێداویستیەکانی بژێوی، بۆ شتێک کەبۆ بەکارهێنانی شەخسیە. لەسەر بنەمای ئەمەش ئەم دراوە [لێرەدا] ناگۆڕدرێت بۆ سەرمایە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، بوونی خۆی وەک بەهای گۆڕینەوە لەدەست دەدا تا لەشێوەی بەهای بەکاربردندا خەرج بکرێ و بەکارببرێت. لەلایەکیترەوە [ئەم جیاوازیە] لەوێدایە، لەحاڵەتێکدایە کەکار تەنها وەک بەهایەکی بەکاربردن و وەک خزمەتگوزاریەک کەقوماشەکە دەگۆڕێت بۆ پانتۆڵ جێگای سەرنجی کڕیاری کارەکەیە. واتە وەک خزمەتگوزاریەک کەخاسیەتی سودبەخشی ئەم کارە دەخاتە ئیختیاری فەردەوە.
بەجیاواز لەمە، خزمەتێک کەهەمان خەیات پێشکەشی دەکات لەکاتێکدا کە لەکارخانەیەکی بەرگدرووی تیجاریدا بۆ خاوەنکارێکی سەرمایەدار کاردەکات، هەرگیز لەبابەتی ئەو واقعیەتە نیە کە هەستابێت بەگۆڕینی قوماش بۆ پانتۆڵ، بەڵکو لەوڕووەوەیە کەبۆ نمونە ئەگەر ماوەی کاری پێویست کەلە یەک پانتۆڵدا مادیەت وەرگرێت ١٢ سەعات بێت، کرێیەک کە خەیاتی کارگەکە وەریدەگرێت یەکسانە بە٦ سەعات. خزمەتێک کەئەو پێشکەش بەسەرمایەداری دەکات، لەواقعدا شتێکیتر نیە جگەلەوە نەبێت کە ٦ سەعاتەکەی تر لەبەرامبەر هیچدا کاری کردووە. ئەو واقعیەتەش کەئەم مەسەلەیە لەشێوەی پانتۆڵ درونێکدا ئەنجامدەدرێت، بەتەواوەتی پەیوەندیە واقعیەکە دادەپۆشێت. خاوەنی کارگەی

خەیاتەکە، تەنها بەوەی کەبتوانێت و لەهەوڵدابێت سەرلەنوێ پانتۆڵەکە بکاتەوە بەدراو، واتە بۆ شکڵێکی تر بیگێڕێتەوە کەتیایدا خەسڵەتی دیاریکراوی کاری خەیاتی بەگشتی نادیار ماوەتەوە وخزمەتگوزاریە پێشکەشکراوەکەش خۆی لەوەدا نیشان ئەداکە لەباتی ٦ سەعاتکار کەلە ڕێژەیەکی دراوی دیاریکراودا دەردەکەوێت. ئێستا ئیتر١٢ سەعاتکار ئەنجام دراوە کە هێندەی دوو جارە لەچاو ئەو ڕێژەیەدا کە خۆی تیا دەرخستۆتەوە.
من [وەک کڕیار] ی کاری خەیاتی، خزمەتێک کەلەشێوەی کاری خەیاتیدایە و بەمن دەدرێت دەیکڕم، تا پێویستیم بۆ پۆشاک یەکلا بکاتەوەو لێرەشەوە یەکێک لەپێداویستیەکانم بەدەست بێت. خاوەنی کارگەی خەیاتیەکە کاری خەیاتی وەک هۆکارێک بۆ زیادکردنی دراو بەدراو دەیکڕێت. من بۆیە دەیکڕم چونکە بەهایەکی بەکاربردنی تایبەت بەرهەم دێنێت، وخزمەتێکی تایبەتیش دەخاتە بەردەمم. بەڵام (سەرمایەدارەکە) بۆیە دەیکڕێت تابەهای گۆڕینەوەیەکی زیاتر لەوەی کەخەرجی کردووە بەدەست بهێنێت. واتە تەنها وەک هۆکارێک بۆ گۆڕینەوەی کاری کەمتر لەگەڵ کاری زیاتردا.
کاتێک ڕاستەوخۆ دراو لەگەڵ کاردا دەگۆڕدرێتەوە، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی بەدەستهێنانی سەرمایە، واتە کاتێک کارێک، کەکاری بەرهەمهێنەر نیە، و وەک خزمەتگوزاری دەکڕدرێ، بەگشتی شتێکی تر نابێت جگە لە ناوێکیتر بۆ بەهای بەکاربردنێکی تایبەتی کەکار دابینی دەکات، وەک هەر کاڵایەکیتر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ناوێکی تایبەتە بۆ بەهای بەکاربردنی تایبەتی کار، تەنانەت ئەم کارە خزمەتەکەی لەشێوەی شت دا نیە، بەڵکو وەک چالاکیەک ئەنجام دەدرێ. تایبەتمەندیەکیش کەدەبێت بەهیچ جۆرێک، لەکاری ئامێرێکدا بۆ نمونە وەیا سەعاتێک جیای ناکاتەوە. "پێت دەدەم تا کاربکەی، کاردەکەم تا کار بکەی، پێم بدە تا کاربکەم، پێتدەدەم تا پێمبدەی"(٨) ئەمانە چەند شێوازێکن کە دەکرێ بێجیاوازی بەکاربهێنرێن بۆ دەرخستنی یەک پەیوەندی، لەحاڵێکدا کە لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا "پێدەدەم تا کار بکەی" پەیوەندیەکی تەواو تایبەت لەنێوان بەها ماددییەکەدا کەدەدرێت لەگەڵ چالاکیە زیندووەکەدا کە دەستی بەسەردادەگیرێت، دەخاتەڕوو. بەم پێیە ولەو شوێنەدا کە کڕینی خزمەتگوزاری هیچ پەیوەندیەکی تایبەتی نێوان کارو سەرمایەی تیا لەئارادا نیە، واتە یان لەبنەڕەتەوە ئەم جۆرە پەیوەندیەی تیا غائیبە وەیا بەتەواوی لەبەین چووە، بێگومان [ئەم خزمەتگوزاریە] ئەو شکڵەیە کەزۆر جێگای مەبەستی "سای" Sayو"باستیا" Bastiat و دەستوپێوەندو لایەنگرانیانە بووە بۆ وەسفکردنی پەیوەندی نێوان سەرمایەو کار.
ئەو پرسیارەی کەئایا بەهای ئەم خزمەتگوزاریانە چۆن ڕێکدەخرێت وچۆن خودی ئەم بەهایە لەلایەن یاسا زاڵەکانەوە بەسەر کرێدا دیاری دەکرێت، هیچ پەیوەندیەکی بەجێبەجێ بوونی پەیوەندیەکەوە نیە کەلێرەدا جێگای هەڵسەنگاندنی ئێمەیە، بەڵکو پەیوەندی بەبەشی

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

کرێوەیە.

ئەو ئەنجامە بەدەستدێت کە بەتەنها بەگۆڕینەوەی دراو لەگەڵ کاردا، کار نابێت بەکارێکی بەرهەمهێنەر، ولەلایەکی تریشەوە ناوەڕۆکی ئەم کارە دیسانەوە لەهەنگاوی یەکەمی خۆیدا و لەم ڕووەوە هیچ کاریگەریەکی نابێت.

خودی کرێکار ئەتوانێت کار بکڕێ، واتە کاڵاگەلێک بکڕێ کەلەشێوەی خزمەتگوزاریدا دەخرێنەڕوو؛ ئەوەشی کەلە کرێکەی خۆی دەیدات بەم جۆرە خزامەتگوزاریانە، خەرجیەکە کەلە هیچ ڕویەکەوە جیاوازی نیە لەگەڵ هەرخەرجیەکی تریدا کەلە کرێکەی بۆ هەر کاڵایەکیتر خەرجی دەکات. خزمەتگوزاریەک کەدەیکڕێ لەوانەیە پێویست بێت یان پێویست نەبێت- بۆنمونە خزمەتگوزاری پزیشکێک، یان قەشەیەک. دروست وەک ئەوە وایە کەنان یان شەراب بکڕێ. بەوێنەی کڕیار - واتە نوێنەری دراو لەبەرامبەر کاڵادا - کرێکار بەموتڵەقی هەمان گاتیگۆریە لەچشنی کاتێک کە ئەویش وەک کڕیار دەردەکەوێت، واتە کاتێک کەمامەڵە کردن شتێکی زیاتر لەگۆڕینی شکڵی دراو بەکاڵا، ناگرێتە خۆی. ئەوەشی کەنرخی ئەم خزمەتگوزاریانە چۆن دیاریدەکرێت و چ پەیوەندیەکی بەخودی کرێوە هەیە، وەیا ئەوەی کەتا چ ئاستێک ئەم نرخە بەپێی یاساکانی کرێ دیاریدەکرێت، وەیا ناکرێت، مەسەلەگەلێکن پێویستە لەباسی کرێدا هەڵبسەنگێندرێن و بەتەواویش بەهەڵسەنگاندنەکانی ئێستامانەوە پەیوەندی نیە.

کەواتە بەو شێوەیەی کەوتمان گۆڕینەوەی تەنهای دراو بەکار، کار ناکات بەکاری بەرهەمهێن، بەواتایەکیتر دراو ناگۆردرێت بۆڤسەرمایە، ناوەڕۆکی کۆنکرێتی کار، یانی بەکاربردنی تایبەتی کار دیسانەوە لەهەنگاوی یەکەمیدا بێکاریگەر دێتە بەرچاو- هەروەک بینیشمان هەمان کاری کرێکارە خەیاتەکە لەیەک حاڵەتدا بەرهەمهێنەرە ولەحاڵەتێکی تردا نابەرهەمهێنەرە.

خزمەتگوزاری یان بەهاگەلێکی بەکاربردنی دیاریکراو، کەبەرهەمی شێوەیەکی دیاریکراوی چالاکی وەیا کارن، لەکاڵادا بەرجەستە دەبنەوە. هەندێکی تریان، بەپێچەوانەوە هیچ کاریگەریەکی هەستپێکراو، بە جیا لە خودی کەسانێک کە ئەنجامدەری کارەکەن و بوونیان هەیە، شتێکیتر لەخۆیاندا ناخەنەڕوو؛ بە واتایەکی تر بەرهەمی ئەم جۆرەکارانە کاڵایەک نیە بۆ فرۆشتن. بۆ نمونە خزمەتگوزاریەک کە گۆرانیبێژێک بەمنی دەبەخشێت و پێویستیە جوانناسیەکانی من تێردەکات؛ بەڵام ئەوەی کەمن چێژی لێوەردەگرم، چالاکیەکە کە لەخودی گۆرانیبێژەکە جیانیە و هەر ئەوەندە کە کارەکەی، یانی گۆرانی وتنەکەی، تەواوبوو، چێژی منیش تەواودەبێت. من لەخودی چالاکیەکە - واتە دەنگدانەوەکە لە گوێچکەمدا -چێژ وەردەگرم. ئەشێ ئەم خزمەتگوزاریە، وەکو هەر کاڵایەکیتر کەدەیکڕم،

پێویست بێت وەیا وەک پێویستیەک سەیربکرێت- بۆ نمونە خزمەتی سەربازێک وەیا دکتۆرێک، وەیاخود پارێزەرێک. یا ئەوەی کە دەشێت خزمەتگوزاریەک بێت کەببێتە هۆی شادیم. بەڵام بەهەر حاڵ ئەمە هیچ کاریگەرییەک لەسەر خاسیەتە ئابووریەکانیان دانانێت. ئەگەر کەسێکی تەندروستباش بم وپێویستم بەدکتۆر نەبێت، وەیا ئەوەندە شانسم هەبێ کەلە هیچ مەسەلەیەکی دادگاییەوە نەگلابم، ئەو کاتە بەهەمان ئاست کەلە تاعون دوردەکەوتوومەوە، لەدانی پارە بەدکتۆر و خزمەتگوزاری یاسایش خۆم دەبوێرم.
خزمەتگوزاری دەشێت داسەپاو بیت بەسەرمدا- بۆ نمونە <u>خزمەتگوزاری دەزگاکانی دەوڵەت وهیتر.</u>
ئەگەر من خزمەتگوزاری مامۆستایەک بکرم، نەک بۆ گەشەی فکریم، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی شارەزاییەک کەبتوانم لەرێگایەوە پارە بەدەستبهێنم - وەیا ئەگەر کەسێکی تر خزمەتگوزاری ئەم مامۆستایە بۆمن بکرێت — وە ئەگەر من لەواقعدا شتێک فێربم(کەخۆی لەخۆیدا بەتەواوی سەربەخۆیە لەپێدانی پارە بەخزمەتەکەی مامۆستا) ئەو کاتە تێچونی ئەو فێربوون وپەروەردەیەی کەلەبەردەستدایە، هەروەک تێچونی بژێوی ومانەوەی من، بەبەشێک لەتێچونی بەرهەمهێنانەوەی هێزیکاری من ئەژماردەکرێت. بەڵام بەکاربردنی تایبەتی ئەم خزمەتگوزاریە <u>هیچ گۆڕانکاریەک لەپەیوەندی ئابوریدا پێکناهێنێت</u>. ئەمە پەیوەندیەک نیە کەمن تیایدا دراوم گۆڕیبێت بەسەرمایە، وەیا پێشکەشکەری ئەم خزمەتگوزاریە، واتە مامۆستاکە، من ناکات <u>بەسەرمایەداری خۆی</u>، بەسەرۆکی خۆی. هەروەها ئەوەی کەدکتۆر بتوانێت من چارەسەرکات، مامۆستاش سەرکەوتووبێت لەوەدا کەشتێکم فێرکات، وەیاخود پارێزەر لەدادگا کێشەیەکی من بباتەوە، دووبارە هیچ کاریگەریەک <u>لەخەسڵەتی ئابوری</u> ئەم پەیوەندە دانیە. پارەیەک کە دراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم خزمەتگوزاریانە خۆی لەخۆیدا هەبووە، کەوایە بە پێی سروشتی ئەم بابەتە ئەنجامەکەی ناتوانرێت لەلایەن ئەو کەسانەوە مسۆگەر بکرێت کە ئەم خزمەتگوزاریانە ئەنجامدەدەن. بەشێکی بەرچاو لە خزمەگوزاریەکان پەیوەستن بە <u>تێچوونی بەکاربردنی</u> کاڵاکانەوە، وەک خزمەتگوزاریەکانی چێشت لێنەرێک، خزمەتکارێک... هتد
ئەوە خەسڵەتی هەر <u>کارێکی نابەرهەمهێنە</u> کەتەنها بەئاستێک ئەتوانێت لەژێر ئیختیاری ئینسانەکاندا بێت - وەک هەر کاڵایەکی تری بەکاربردن- کە ئینسان، <u>کرێکارانی بەرهەمهێن</u> بچەوسێنێتەوە. رێک بە هەمان شێوەی ئەو کاڵایانەی کە من بۆ بەکارهێنان دەیانکرم، ئەوە خەسڵەتی هەموو کارە نابەرهەمهێنەکانە کە لە ژێر فەرمانی مندان، بەڵام تەنها بەو ئەندازەیەی کە کرێکارانی بەرهەمهێن بچەوسێنمەوە. بەم پێیەش لەنێو هەموو تاکەکاندا، کرێکاری بەرهەمهێن کەمترین دەسەڵاتیان هەیە بەسەر خزمەتگوزاریەکانی کرێکارانی

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

نابەرهەمهێندا. لە لایەکی تریشەوە توانای کەسێک لە بەکارهێنانی کرێکارانی بەرهەمهێندا بە هیچ جۆرێک بەهەمان ڕادە زیاد ناکات کاتێک کەسەکە کرێکارانی نابەرهەمهێن بەکاردەهێنێت، بگرە بە پێچەوانەوە ئەم ڕادەیە کەم دەکاتەوە، هەرچەندە و لەهەر حاڵێکدا بێت، دەبێت تاک لەبەرامبەر خومەگوزاری ئیجباریدا (دەوڵەت، باجەکان) پارە بدات.

لەوانەیە کرێکارانی بەرهەمهێن خۆیان لەپەیوەند بەکەسێکەوە [بەکاربەر] وەک کرێکاری نابەرهەمهێن بەحساب بێنن. بۆ نمونە ئەگەر من خانوەکەم بدەم تا سەرلەنوێ گەچکاری بکرێ وگەچکارەکانیش کرێکاری بەکرێین بۆ وەستایەک کاردەکەن کەمن لەگەڵیدا گرێبەستێکم کردووە، ئەو کاتە بۆ من ئەم دۆخە فەرقێک لەحاڵەتی مندا دروست ناکات، بەوەی کەخانوەکەم گەچکاری کردووەو کاری ئەوانم کڕیوە، چونکە من پارەیەکم بۆ کڕینی کاڵایەک بۆ بەکاربردنی شەخسی خەرجکردووە. بەڵام بۆ وەستای کارەکە کەئەو کرێکارانەی خستۆتەکارەوە، بەکرێکاری بەرهەمهێن دادەنرێ، چونکە بۆ وەستاکە زێدەبایی بەرهەمدێنن.

*** *** ***

ئەوەی کەلەڕوانگەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە کرێکارێک کاڵایەکی شیاو بۆ فرۆشتن بەرهەمدەهێنێت، بەڵام ڕێک بەئەندازەی یەکسان لەگەڵ هێزی کارەکەی خۆیدا بەرهەم دێنی بۆ سەرمایەدار، زێدەبایی بەرهەم ناهێنێ و تاچەند نابەرهەمهێنە، بەباشی لەنوسینەکانی ڕیکاردۆدا بەرچاوە. ئەو ئەم جۆرە کەسانە بەهۆکارێک بۆ دەردەسەری (٩) دادەنێت. ئەمەیە تیۆریو پراتیکی سەرمایە.

> "هەم تیۆری پەیوەند بەسەرمایەوە وهەم کردەی ڕاوەستاندنی کار لەو خاڵەدا کەبتوانێت، سەرەڕای بژێوی کرێکاران هاوکات قازانجێک بۆ سەرمایە بەرهەم بهێنێ، لەگەڵ یاسا سروشتیە زاڵەکان بەسەر بەرهەمهێناندا، ناکۆک دێتە بەرچاو "(تۆماس هاجسگین، ئابوری سیاسی، بۆ تێگەیشتنی هەوان. لەندەن١٨٢٧ لاپەڕە ٢٣٨ )

*** *** ***

بینیمان کە: پرۆسەی بەرهەمهێنان هەر بەتەنها پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵا نیە، بەڵکو پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، و مژینی کاری ئیزافی وبەم پێیەش پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەیە. یەکەمین کاری ڕواڵەتیانەی گۆڕینەوەی نێوان دراو وکار، وەیا سەرمایەو کار تەنها لەبنەڕەتدا بریتیە لە دەستبەسەرداگرتنی کاری زیندووی کەسێکی تر

لەڕێگای کاری بەمادیبووە. پرۆسەی بەکردەوەی دەستبەسەرداگرتن تەنها لەپرۆسەی بەکردەوەی بەرهەمهێناندا سەردەگرێت، کەتێیدا گۆڕینەوەی ڕواڵەتیانەی یەکەمجار وەک قۆناغی پێشووی ئەو بەحساب دێت - قۆناغیک کەتیایدا سەرمایەدارو کرێکار تەنها وەک خاوەنانی کالا، بەوێنەی کڕیارو فرۆشیار، ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە. بەهەمان بەڵگە ئابووریناسانی عەوام - لەچشنی باستیا - لەم گۆڕینەوە ڕواڵەتیە سەرەتاییە، واوەتر ناڕۆن، دروست تا هەر بەم فێڵە خۆیان لەم پەیوەندیە سەرمایەدارانە تایبەتیە بدزنەوە. ئەم جیاوازیەی [نێوان دوو قۆناغەکەی سەرەوە] بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەگۆڕینەوەی دراو لەگەڵ کاری نابەرهەمهێندا دەردەکەوێ. لێرەدا دراو وکار تەنها وەک کالا پێکەوە دەگۆڕدرێنەوە، بەجۆرێک کەئەم گۆڕینەوەیە سەرمایە بەوجود ناهێنێت، بەڵکو ئەمە خەرجکردنی داهاتە.

## (F) کاری پیشەوەران وجوتیاران لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا

کەوایە جێگەوڕێگەی پیشەوەرانی سەربەخۆ یان جوتیاران کە کرێکار بەکارنابەن و بەم پێیەش وەک سەرمایەدار بەرهەمناهێنن، چیە؟ هەریەک لەوانە، هەروەک چۆن مەسەلەکە لەبارەی جوتیاریشەوە هەمیشە بەوجۆرەیە (جگە لە باخەوانێک کە من خۆم بانگی بکەم بۆ ماڵەوە)، بەرهەمهێنەری کالان و کەسێک کالایان لێدەکڕێت لەم حاڵەتەشدا بۆ نمونە ئەوەی کە پیشەگەر بەپێی ئەوەی لێی داواکراوە بەرهەم دەهێنێت و ئەوەشی جوتیاران بەپێی تواناکانیان دەتوانن بەرهەمبهێنن، بەتەواوی وەکو یەک وان. لەکۆتایی حاڵدا هەردوولایان وەک فرۆشیاری کالا نەک کار، لەگەڵ کڕیاردا بەرەوڕوودەبنەوە، چونکە ئەم پەیوەندیە، هیچ پەیوەندیەکی بەگۆڕینەوەی کارو سەرمایەوە نیە. بەم ئیعتبارەش ئەم مەسەلەیە پەیوەندیەکی بەجیاوازی نێوان کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێنەوە بۆ پەیدانابێت. چونکە ئەم جیاوازیە بەتەواوی پەیوەند دەبێتەوە بەوەوە کەئایا کار لەگەڵ دراو گۆڕاوەتەوە، یان بە دراوێک کە سەرمایەیە لە شکڵی دراودا. بەم پێیەش ئەم جوتیارانەو ئەم پیشەوەرانە لەم حاڵەتەدا نەگرێدراون بەناوەندی کرێکارانی بەرهەمهێن ونە بەکرێکارانی نابەرهەمهێنەوە، هەرچەندە هەردوولایان بەرهەمهێنەری کالاشن. بەرهەمهێنانی ئەمانە ناچنە خانەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە.

ئەو ئیمکانەش هەیە کەئەم جۆرە بەرهەمهێنەرانە، کەبە ئامرازگەلێکی بەرهەمهێنان، کەهی خۆیانە کار دەکەن، نەک تەنها هێزی کاری خۆیان دووبارە بەرهەمدەهێننەوە، بەڵکو زێدەباییەکیش بەدەست دێنن و بە ئیعتباری جێگاوڕێگایان دەست بەسەر هەموو یان بەشێک لەزێدەباییدا دەگرن، ([بۆچی دەڵێین بەشێک لەزێدەبایی] چونکە بەشێک لە

زێدەباییەکەیان لەڕێگای زەریبەو شتی ترەوە لێدەسەندرێت). لێرەدا ئێمە لەگەڵ تایبەتمەندیەکی جیاواز بەرەوڕوو دەبینەوە ئەویش خەسڵەتەکانی کۆمەڵگایەکە کە تێیدا شێوازێک لەبەرهەمهێنان زاڵە، ئەگەرچی هێشتا تەواوی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی نەخستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بۆ نمونە لەکۆمەڵگای دەرەبەگیدا (کەدەکرێ بەباشترین شێوە لەئینگلترە ببینرێت، چونکە سیستەمی دەرەبەگایەتی بەشێوەیەکی حازرو ئامادە لە نۆرماندیەکانەوە هاتە ناویەوە وشێوەی خۆی سەپاند بەسەریدا کە لە زۆر ڕووەوە بنیادێکی کۆمەڵایەتی جیاواز بوو)، پەیوەندیگەلێک کەلەگەڵ سروشتی دەرەبەگایەتیدا جیابۆتەوە، بەڵام شێوازی دەرەبەگایەتی پێدراوە؛ بۆ نمونە پەیوەندە سادەکانی دراو کە تێیدا هیچ نیشانەیەک لە خزمەتگوزاری شەخسی دوولایەنە لە ئارادا نەبوو، لە جۆری ئەوەی کە لە نێوان ئەرباب و ڕەعیەتدایە. بۆ نمونە ئەوە خەیاڵێکە کە وردە جوتیار خاوەنی زەوی خۆی بووبێ لە موڵکی ئەربابێکدا.

لەشێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا دیسانەوە بەهەمان شێوەیە. جوتیار یان پیشەوەر بەسەر دوو کەسایەتیدا دابەشدەبن* وەک خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهینان دەبێتە سەرمایەدار. وەک کەسێکیش کە کار دەکات، دەبێتە کرێکاری بەکرێ بۆ خۆی. بەمپێیە وەک سەرمایەدار کرێ بەخۆی دەداو لەسەرمایەکەی قازانج وەردەگرێ. بەواتایەکیتر ئەو خۆی وەک کرێکاری بەکرێ دەچەوسێنێتەوە و سەرانەیەک کەکرێکار بەسەرمایەدار قەرزارە، وەک زێدەبایی بۆ خۆی سەرفیدەکات، ڕەنگە ئەو تەنانەت مەبلەغێک وەک کەسی سێهەم، یانی خاوەن زەوی بەخۆی بدات. (کرێ- ئیجاری موڵک)، دروست بەهەمان شێوە کە دواتر لەخوارەوە دەیبینین، سەرمایەداری پیشەسازی کاتێک کە کار بۆ سەرمایەکەی خۆی دەکات، سو (فائیدە) بەخۆی دەدات، ئەمەش وەکو ئەوە چاو لێدەکات کەقەرزی بەخۆی دابێت، نەک وەک سەرمایەدارێکی پیشەسازی، بگرە ڕێک وڕەوان وەک سەرمایەدارێک.

<u>خەسڵەتی یەکلاکەرەوەی کۆمەڵایەتی</u> ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا -کە نیشانەیەکە لەهەبوونی پەیوەندیەکی تایبەتی بەرهەمهێنان- لەگەڵ هەبوونی مادیانەی ئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنانداو وەکو ئامرازی بەرهەمهێنان وەها لەیەک هەڵپێکراون کەلە بیرکردنەوەی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا لێک جیاکردنەوەی ئەم دووانە مەحاڵ بێت. ئەم حوکمە(حوکمی تێگەیشتن) تەنانەت لەوشوێنەدا کەپەیوەندیەکانی [بەرهەمێنان]

---

*)"لە بانقە بچوکەکاندا... خاوەنکار زۆربەی کات کرێکاری خۆیەتی" ئیستۆرش وانەی ئابووری سیاسی، چاپی بەترسپۆرگ، لاپەڕە ٢٤٢

ڕاستەوخۆ لەناکۆکیدایە پێی، دیسانەوە وەک بەدیهیەک وەردەگیرێ*. ئامرازەکانی بەرهەمهێنان تەنها بەوجۆرە دەبن بە سەرمایە کە لە کرێکار دابڕابن و وەک هێزێکی سەربەخۆ ڕووبەڕووی کرێکاربووبنەوە. بەڵام لەم حاڵەتەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان بۆ کرد، بەرهەمهێنەر - کرێکارەکە - خاوەن ومولْکداری ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی خۆیەتی. بەم پێیەش ئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنان سەرمایە نین، بەهەمان شێوەش پەیوەندی ئەم بەرهەمهێنەرانە لەگەڵ ئامرازەکاندا، پەیوەندی کاری بەکرێ نیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم ئامرازانە وەک سەرمایە سەرنجیان بۆ دەدرێت وخاوەنەکانیشیان دەبێت بەدوو بەشەوە، بە جۆرێک کە ئەو وەک سەرمایەدارێک خودی خۆی وەک کرێکارێکی بەکرێ بەکاردەهێنێت.

لەڕاستیدا ئەم جۆرە سەرنجدانە، بەهەر ئاستێک لەسەرنجدانی یەکەمدا بەنامەنتقی بگات، بەڵام تائەو ئاستە دروستە کەلەم حاڵەتانەدا بەرهەمهێنەر بۆ خۆی زێدەبایی بەرهەمدێنێ- بەو فەرزەی کەکاڵاکانی خۆی بەبەهایەکی[واقعی] بفرۆشێتەوە-، بەواتایەکیتر کارەکەی لەهەموو بەرهەمەکەیدا، مادیەتی وەرگرتووە. بەڵام ئەم بەرهەمهێنەرە ئەو واقعیەتەی کە خۆی دەتوانێ هەموو بەرهەمەکانی کاری خۆی بۆ خۆی بێت، هەروەها ئەوەشی کەزیادە بەرهەم و وەبەجیاواز لەبەهای بەرهەمەکانی لەچاو، بۆنمونە نرخی نێوەندی ڕۆژێکی کارەکەی، لەلایەن کەسی سێهەمەوە، ئەربابێک، دەستی بەسەردا ناگیرێت وهیچ یەکێکیش قەرزارباری کارکردنەکەی نیە - چونکە لەم بارەوە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ هیچ کرێکارێکی تردا نیە - بەڵکو قەرزارباری خاوەندارێتیەکەیەتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. بەم پێیە بەتەنها لەڕێگای خاوەندارێتیەکەیەوە کەبەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا هەیەتی، دەتوانێت دەست بەسەر زیدەبایی خۆیدا بگرێ ولێرەشەوە وەک کرێکاری بەکرێ پەیوەندی سەرمایەدار بوونی خۆی بەسەر خۆیدا فەرزبکات.

لەم کۆمەڵگایەدا دابڕان وەک پەیوەندیەکی ئاسایی دەردەکەوێت. بەڵام ئەوەی کەئەم دابڕانە لەواقعی مەسەلەکەدا بەدروست دەرنایەت وبەفەرز وەردەگیرێ؛ و بینیشمان کە بەفەرز وەرگیراوە؛ چونکە (بەجیاواز لەگەڵ نمونەکانی دۆخی ڕۆمای کۆن، یا نەرویژ، وەیاخود سەروی ڕۆژئاوای نەتەوەیەکگرتوەکان-ئەمریکا ) لەم کۆمەڵگایانەدا، یەکبوون مەسەلەیەکی ڕێکەوتەو دابڕانیش مەسەلەیەکی باوە؛ بەمجۆرەش تەنانەت ئەگەر کەسێک

---

*)"بەدەربڕینێکی سادەتر، مەبەستی مارکس ئەوەیە کە کۆمەڵگای بۆرژوازی بۆ هەر ئامرازێکی بەرهەمهێنان، وەک سەرمایە سەرنجیئەدا، تەنانەت تائەو شوێنەی کەئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنان، بەکردەوە لەپەیوەندیەکی سەرمایەدارانەدا نین، چونکە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان خۆی بەمانە کاردەکات، دوبارە ئەم ئامرازانە لەبارەی تێگەیشتنەوە وەک سەرمایە وەردەگیرێن. وەرگێڕی فارسی

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

هەڵسوکەتگەلێکی دابڕاوانە یەکبخات، دیسانەوە ئەوە هەر دابڕانە کەوەک پەیوەندیەکی [واقعی] لەبەرچاودەگیرێ. لێرەدا ئیتر ئەو واقعیتە لەشێوەیەکی سەرسورماندا دەردەکەوێت کەسەرمایەدار بەتەنها وەزیفەیەکە(function) لە سەرمایە و کرێکاریش وەزیفەیەکە لەهێزی کار. چونکە ئەمە یاسایەکە کەپەرەسەندنی ئابوری وەزیفەی جیاجیا بۆ کەسانی جیاجیا تایبەت دەکات؛ و پیشەوەر یا جوتیار کە بەئامرازی بەرهەمهێنانی خۆی بەرهەمدەهێنێت، بەشێنەیی یا بۆ سەرمایەداری بچوک دەگۆڕدرێن و کاری کەسانیتر وەبەرهەمدێنن، وەیاخود ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی خۆیان لەدەستدەدەن و دەگۆڕدرێن بۆ کرێکاری بەکرێ. (حاڵەتی دووەم لەوانەیە لەهەنگاوی یەکەمدا بەجۆرێکدا بکەوێتەوە کە کەسی بەناو خاوەندار- مالک الاسمی- ئامرازەکانی خۆی بهێڵیتەوە، هەروەک لەدۆخی بەڕەهندان دا هەیە) ئەمە مەیلێکە لەهەموو ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا هەیە کەشێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تیا زاڵە.

## (G) پێناسەیەکی ئیزافی بۆ کاری بەرهەمهێن، کارێک کەلە سامانی مادیدا بەرجەستە دەبێتەوە.

بەم پێیە، لەهەڵسەنگاندنی پەیوەندیە بنەڕەتیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ئەتوانرێ ئەوە بەفەرز وەرگیرێت کەتەواوی دونیای کاڵاکان، مەیدانەکانی بەرهەمهێنانی مادی - بەرهەمهێنانی سامانی مادی- (چ بەشێوەیەکی ڕواڵەتی یان واقعی) لەژێر کۆنترۆڵی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، بەدەست دێت (چونکە ئەمە ئەو شتەیە کە زۆرترو زۆرتر ڕوودەدات، چونکە ئەمە ئامانجی سەرەکیەو تەنها لەشکڵی بەدەستهاتنیدا توانای بەرهەمهێنەری کار تا بەرزترین ئاست گەشەدەکات) لەسەر ئەم بنەمایەش —کەئاستی کۆتایی {ئەم پرۆسەیە} دەردیدەخا وبەم هۆیەشەوە بەردەوام بەلێکدانەوەیەکی هەرچی ورتر لەواقعیەت نزیک دەبینەوە- تەواوی کرێکارانێک کە بە بەرهەمهێنانی کاڵاوە خەریکن، کرێکاری بەکرێن وئامرازەکانی بەرهەمهێنانیش لەهەموو مەیدانەکاندا، وەک سەرمایە لەبەرامبەریاندا ڕادەوەستێتەوە. کەواتە دەتوانرێت بوترێت کەئەمە یەک خەسڵەتی تایبەتی کرێکارانی بەرهەمهێنە، واتە کرێکارانێک کەسەرمایە بەرهەمدەهێنن و کارەکەشیان لەکاڵادا، لەسامانی مادیدا، بەرجەستە دەکەنەوە، چونکە کاری بەرهەمهێن لەپاڵ خەسڵەتە بڕیاردەرەکەیدا —کەهەرگیز ناوەڕۆکی کار لەبەرچاو ناگیرێت وبەتەواوەتی لەم ناوەڕۆکە سەربەخۆیە - پێناسەیەکی لاوەکی و جیاواز و فەرعی وەردەگرێت.

## (H) دەرکەوتەکانی سەرمایەداری لەمەیدانی بەرهەمهێنانی نامادیدا

بەرهەمهێنانی نامادی تەنانەت کاتێک کەبەتەنها بۆ گۆڕینەوە ئەنجامدەدرێت، واتە کاتێک کە کاڵا بەرهەم دەهێنێت دەتوانێت دوو جۆربێت؛

١) لەحاڵەتێکدا کەئەنجامی بەرهەمهێنان کاڵا، یا بەهای بەکاربردن بێت، کەشێوەیەکی جیاواز وسەربەخۆ لەبەرهەمهێنەر وبەکاربەر بەخۆیەوە دەگرێت. ئەم کاڵایانە بەم پێیەش دەتوانێت لەماوەی نێوان بەرهەمهێنان وبەکاربردنیاندا، بوونیان هەبێت و هەر لەوماوەیەشدا وەک کاڵاگەلێک کەبکرێ بفرۆشرێنەوە، دەکەونە بواری ئالوگۆڕپێکردنەوە. لەوانە کتێب ، تابلۆی هونەری ولە یەک وتەدا تەواوی بەرهەمەکانی کاری هونەری کەلە ئەدای هونەری خودی هونەرمەندەکە جیاوازن. لێرەدا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تەنها لەبوارێکی سنورداردا ئەتوانێت کاربکات؛ بۆنمونە وەکو ئەوەی کاتێک کەدانەری بەرهەمێکی هاوبەش - بۆنمونە مەوسوعەی زانیاری (ئینسایکلۆپیدیا)- کەسانێکیتری قەڵەمبەدەست کە بۆ پارەپەیدا کردن دەنوسن، بخاتە کارەوە. لەم مەیدانەدا بەگشتی شکڵێکی ڕاگوزەری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری درێژە بەبوونی خۆی دەدات، کەتیایدا هەموو جۆرەکانی بەرهەمهێنەرانی عەمەلی وهونەری، پیشەوەران، وەیا پسپۆڕانێک بۆ سەرمایەی بازرگانی هاوبەش، بۆ دەزگای پەخش کاردەکەن - پەیوەندیەک کەهیچ ڕەبتێکی بەشێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە، بەمانای تایبەتی وشەکە، نیە وتەنانەت لەڕوی ڕواڵەتیشەوە هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا، سەری دەرنەهێناوە، ئەو واقعیەتەش کە چەوساندنەوەی کار لەوپەڕی ڕادەی خۆیدایە ڕێک لەم شکڵە ڕاگوزەریانەیدا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

٢) لە حاڵەتێکی تردا کە بەرهەمهێنان نەتوانرێت لەکردەی بەرهەمهێنان جیابکرێتەوە. وەک حاڵەتی کاری نمایشکاران و هونەرمەندان، مامۆستایان، دکتۆرەکان، قەشەکان وهیتردا. لێرەشدا شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ئاستێکی زۆر کەمدا بەدیدەکرێت ولەبەر سروشتی ئەم مەیدانانە، شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، تەنها لەهەندێ لایەنەوە ئەتوانێت بەکردەوە دەربێت. بۆ نمونە مامۆستایانی ناو دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن ڕەنگە تەنها کرێکارانێکی بەکرێ بن بۆ ئەو مقاولانەی ئەو دەزگایانەیان گرتووە و لەمجۆرە کارگانەی پەروەردەو فیرکردن لەبەریتانیا زۆرە. ئەگەر چی لەپەیوەندی بەقوتابیەکانەوە، مامۆستاکان کرێکاری بەکرێ نین، بەڵام لەپەیوەند بەخاوەنکارەکانیانەوە، کرێکاری بەرهەمهێنن. خاوەنکار سەرمایەکەی بەهێزی کاری ئەوان دەگۆڕێتەوە وخۆشی لەرێگای ئەم پرۆسەیەوە سامان کۆدەکاتەوە. ئەم دۆخە لەنوسینگەکانی وەک شانۆکان، هۆڵەکانی نمایش وهیتر دیسانەوە بەهەمان شێوەیە. لەم بوارانەدا پەیوەندی هونەرپیشە بەبینەرانەوە، پەیوەندی هونەرمەندێکە، بەڵام لەبەرامبەر خاوەنکارەکەی خۆیدا، ئەو کرێکارێکی

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

بەرهەمهێنە. [بەهەرحاڵ] تەواوی دەرکەوتەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەم مەیدانانەدا، بەبەراورد لەگەڵ گشت بەرهەمهێناندا، هێندە کەمن کەدەکرێ بەتەواوی چاوپۆشیان لێبکرێت.

## (I) مەسەلەی کاری بەرهەمهێن لەگۆشەنیگای گشت پرۆسەی بەرهەمهێنانی مادیەوە

لەگەڵ پەرەسەندنی شێوەی تایبەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، کەتێیدا کرێکارانێکی جۆراوجۆر لەبەرهەمهێنانی کاڵادا هاوبەشدەبن، دیارە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ کەکاری هەریەک لەم کرێکارانە لەگەڵ ئەو شتەی کەبەرهەم هاتووە پەیدادەکات، پەیوەندیەکی یەکجار زۆر جۆراوجۆرە. بۆ نمونە کرێکارانێک کەپسپۆڕنین لەیەکێک لەو کارگانەی ئاماژەمان بۆکرد، ڕاستەوخۆ هیچ ڕۆڵێکیان بەسەر بەکاربردنی کەرەسەی خاودا نیە، ئەو کرێکارانەشی کەئەرکی چاودێریان بەسەر کەسانێکەوە لەئەستۆیە، کە ڕاستەوخۆ لەسەر کەرەستە خاوەکان کاردەکەن، ئەمانە پلەیەک لەم [پرۆسەیە] وە دورترن. ئەندازیار بەبەشی خۆی پەیوەندیەکی تری هەیەو بەگشتی کاری فکری دەکات وشتی لەمبابەتە. بەڵام گشت ئەم کرێکارانە کە خاوەنانی هێزی کارن، بەبەهای جیاوازەوە(هەرچەندە ئەوانەی کاردەکەن لەئاستێکی کەمو زۆری یەکسان بەهرەمەندن) ئەنجامەکە بەرهەم دێنن، بەرهەمێک کەوەک ئەنجامی پرۆسەی کار لەکاڵایەکدا، وەیا لەبەرهەمێکی مادیتردا، دەردەکەوێت. ئەم کرێکارانە، هەمو یان پێکەوە وەک یەک کارگە، مەکینەیەکی زیندووی بەرهەمهێنانی ئەم بەرهەمانەن – دروست بەهەمان شێوە، کەئەگەر پرۆسەی بەرهەمهێنان لەگشتیەتی خۆیدا لەبەرچاوبگرین، ئەم کرێکارانە کارەکانیان لەگەڵ سەرمایەدا دەگۆڕنەوە و دراوی سەرمایەدارەکەش وەک سەرمایە دووبارە بەرهەمدێننەوە، واتە وەک بەهایەک کە زێدەبایی بەرهەم دەهێنێت و وەک بەهایەکیش کەخۆی زیاددەکات، دەردەکەوێت.

بەدڵنیاییەوە ئەوە خەسڵەتێکی تایبەتی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە، کەچەندین جۆری جیاوازی کار، لە کاری فکری وجەستەیی –وەهەروەها جۆرەها کاری تر کە هەریەک لەم دوولایەنە قورسایی زیاتریان تیا هەیە– لەیەک جیا دەکاتەوەو لەنێوان ئەفرادی جیاجیادا دابەشی دەکات. بەڵام ئەم مەسەلەیە ئەوە ڕەت ناکاتەوە کەبەرهەمە مادیەکان، بەرهەمی هاوبەشی ئەم ئەفرادانەیە، واتە ئەوە بەرهەمی هاوبەشی ئەوانە کەلەسامانی مادیدا بەرجەستە بۆتەوە؛ دروست بەهەمان شێوە کەئەم مەسەلەیە بەربەست و ڕەتکردنەوەی ئەو واقعیەتە نیە کەلەپەیوەند بەسەرمایەوە، هەموو ئەم ئەفرادانە کرێکارانی بەکرێن وبەواتای بەرجەستەی وشەکە، کرێکارانی بەرهەمهێنن. تەواوی ئەم فەردانە، نەک تەنها ڕاستەوخۆ لەبەرهەمهێنانی سامانی مادیدا دەخاڵەت دەکەن، بەڵکو کارەکەی خۆیان

راستەوخۆ لەگەڵ دراودا بەوێنەی سەرمایە دەگۆڕنەوە و بەم پێیەش ڕاستەوخۆ جگەلە هەقدەستەکانیان زێدەباییەکیش بۆ سەرمایەدار بەرهەمدەهێنن. کاری ئەمانە هەردوو بەشی کار دەگرێتە خۆی، بەشێک کەکرێی پێدراوە وبەشەکەی تر کارێکی زیادەیە کەپێی نەدراوە [واتە بە خۆڕایی].

## (J) پیشەسازی بارهەڵگرتن وگواستنەوە، وەک ڕشتەیەکی بەرهەمهێنانی مادی.

### کاری بەرهەمهێن لە پیشەسازی بارهەڵگرتن وگواستنەوەدا

سەرەڕای پیشەسازی دەرهێنان وکشتوکاڵ ومانیفاکتۆرە، مەیدانی چوارەمی بەرهەمهێنانی مادی لەئارادایە، کەبەهەمان شێوە قۆناغە جیاجیاکانی پیشەسازی دەستی ومانیفاکتۆرە وپیشەسازی مەکینەیی، تێدەپەڕێنێ. ئەویش، پیشەسازی بارهەڵگرتن وگواستنەوەیە، کەئەویش بارکردن وگواستنەوەی کاڵاکان وئەفرادە. پەیوەندی کاری بەرهەمهێن، یانی پەیوەندی کرێکاری بەکرێ لەگەڵ سەرمایەدا لەم مەیدانەشدا دروست بەهەمان شێوەی مەیدانەکانی تری بەرهەمهێنانی مادییە. بەڵام لەم مەیدانەی چوارەمدا گۆڕانکاریەکی مادی لەبابەتی کارەکەیدا، ڕوودەدات، کەئەویش گۆڕانی شوێنە، گۆڕینی جێگا. لەبارەی بار هەڵگرتن و گواستنەوەی خەڵکەوە، ئەم کارە تەنها حاڵەتی خزمەتگوزاری بەخۆیەوە دەگرێ و لەلایەن مقاولێکەوە کە کارەکەی گرتۆتە ئەستۆ دەخرێتە خزمەتی خەڵکەکەوە. بەڵام پەیوەندی نێوان کڕیاران و فرۆشیارانی ئەم خزمەتگوزاریە، هیچ ڕەبتێکی بەپەیوەندی نێوان کاری بەرهەمهێن وسەرمایەوە نیەو وەک ئەو پەیوەندیەیە کەلە نێوان کڕیارو فرۆشیاری خوری چنیندا هەیە.

بەڵام ئەگەر لەگۆشەیەکی ترەوە سەرنج لەم پرۆسەیە لەپەیوەند بەکاڵاکانەوە بدەین، ئەوا لەم حاڵەتەدا بەدڵنیاییەوە لەپرۆسەی کاردا گۆڕانێک لەبابەتی کاردا، یانی لەکاڵادا ڕوودەدات. شوێنی کاڵاکەیە کە دەگۆڕێت و بەمجۆرەش گۆڕانکاریەک لەبەهای بەکاربردنیدا پێکدێنێت، چونکە ئەم بەهای بەکاربردنە شوێنی گۆڕیوە. بەهەمان ئەندازە کەئەم گۆڕانە لەبەهای بەکاربردندا پێکیدێنێ وئەنجامدانی کاری زیاتر لەخۆدەگرێت، بەهای گۆڕینەوەکەشی زیاد دەکات –کارێک کە بەشێکی بە بڕی سەرمایەی نەگۆڕی بەکارهاتوو، واتە تەواوی کارێکی بەمادی بوو کە دەچێتە کاڵاکەوە و بەشێکی تریشی بە بڕی کاری زیندوو، دیاریدەکرێت. دروست هەر وەکو پرۆسەی زیادبوونی بەهای هەر کاڵایەکیتر.

کاتێک کاڵا بە شوێنی خۆی دەگات، ئەو گۆڕانەی کەلەبەهای بەکاربردنیدا ڕوویداوە، دەرناکەوێ وئیتر بەتەنها لە بەهایەکی باڵاتری گۆڕینەوەدا ولەنرخێکی زیاتریدا دەردەکەوێتەوە. وەئەگەرچی لەم حاڵەتەدا کارێک کەلەواقعدا ئەنجامدراوە، هیچ نیشانەیەکی

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

لەخودی بەهای بەکاربردندا جێنەهێشتووە، بەلاّم  وجودی ئەم کارە لەبەهای گۆڕینەوەی ئەم بەرهەمە مادیەدا، بەدیهاتوە. بەم پێیە لەم بەشە لەپیشەسازیدا، دیسانەوە وەک هەرمەیدانێکی تری بەرهەمهێنانی مادی، ئەو حوکمە دروستە کەکار خۆی لەکالاّدا بەرجەستە و تێکهەڵکێشدەکات، تەنانەت ئەگەر هیچ نیشانەکی بەرچاویشی لەخۆی ولە بەهای بەکاربردنی ئەو کالاّیانەی کەباسکران، جێنەهێشتبێ.

*******

تائێرە تەنها لەگەڵ سەرمایەی بەرهەمهێندا، واتە سەرمایەیەک کە لە<u>پرۆسەی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێناندا</u> بەکار براوە، مامەڵەمان کرد، لەقۆناغی دواتردا بەسەرمایە <u>لە پرۆسەی سوڕانەوەدا</u> Circulation دەگەین وتەنها دوای ئەمەش لەڕێگای شیکردنەوەی هەر شێوەیەکی تایبەتەوە کەسەرمایە، وەک سەرمایەی بازرگانی، بەخۆیەوە دەبینێ، دەتوانرێت وەلاّمی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کەتاچ ئاستێک ئەو کرێکارانەی کەلەلایەن ئەم جۆرە لەسەرمایەوە بەکاردەبرێن، بەرهەمهێنن یان نابەرهەمهێن. (١٠)

## یاداشتەکان:

١) لێرەدا مەبەستی مارکس لەبەشی "پاشکۆبوونی ڕواڵەتی وواقعی کارە بۆ سەرمایە "(دەستنوسەکان، دەفتەری٢١ لاپەڕە١٦ بۆ ١٣٠٦) کەڕاستەوخۆ بەر لەبەشی" توانای بەرهەمداری سەرمایە وکاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن" دا دێت. لەبارەی پاشکۆیوونی کاری ڕواڵەتی و واقعی کار بۆ سەرمایەوە، بگەڕێرەوە بۆ سەرمایە بەرگی یەکەم لاپەڕەکانی ١٠ بۆ ٥٠٩ و٣٧ بۆ ٧٣٦.

٢) لەکتێبی "بەشداریەک لەڕەخنەی ئابوری سیاسیدا" – ١٨٥٩ مارکس دەریخستوە کەلە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا، ئاوێزان بوونی ڕەمزیانەی پەیوەنیدەکانی بەرهەمهێنان، بەشێوەیەکی بەرجەستە، خۆی لەدراودا دەخاتەڕوو. بەرجەستەبوونیCrystallizationسامان لەشێوەی فیتیشدا(شتێکی پیرۆز)و لەمەعدەنە گرانبەهاکاندا، خەسڵەتێکی ئاماژەداری بەرهەمهێنانی بۆرژوازیە. مارکس پرۆسەی فیتیشزەبوونی (بە شتبوون) پەیوەندیە کۆمەلاّیەتییە بۆرژواییەکان لەدەفتەری ١٥، دەستوسەکان، لاپەڕەی ٩٩-٨٩١ و ١٩- ٩١٠ دا شیدەکاتەوە.

٣) مارکس لەبەرگی یەکەمی سەرمایەدا  دەنوسێت: "زانست بەدەربڕینیکی گشتی هیچ خەرجییەکی بۆ سەرمایە نیە، بەلاّم بەهەر حاڵ سەرمایە لەزانست سودوەردەگرێ. زانستی کەسانیتر، دروست هەروەک کاری ئەوانیتر، دەبێتە پاشکۆی سەرمایە. دەستبەسەرداگرتنی سەرمایەدارانەی زانست وەیا سامانی مادی لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی شەخسیانەیدا، جیاوازی زۆریان هەیە. دکتۆر "ئۆر" لەبەرامبەر نەزانینی گەورەی ئازیزانێکیدا کەخاوەن

کارخانەن و ماکینەو ئالات بەکاردەهێنن، بەبێ ئەوەی شتێک لەبارەی زانستی میکانیکەوە بزانن ناڕەزایەتی دەردەبڕێ". (مارکس سەرمایە بەرگی یەکەم لاپەڕە٨٧-٣٨٦، ژێرنوسی ٢).
٤) مارکس لە پیتی یۆنانی $\Delta$ دەلتا، کەلەماتماتیکدا ئاماژەیە بۆ "هێندێکی زیادە"، وەک نیشانەیەک بۆ زێدەبایی سودی لێوەردەگرێت هەروەها دواتریش پیتی $h$ بەهەمان مەبەست بەکاردێنێ. پیتی یۆنانی ئیتا ($H\ \eta$) ش لە کۆندا نیشانەیەک بووە بۆ لاستیکی بوون (کشاندن) و ئیتای بچوک η لە نووسینی لاتینی مۆدێرندا بە h جێی گیراوەتەوە. لە ئابوریشدا ئیتا نیشانەی لاستیکی بوونە. (ڕوونکردنەوەی ئەرشیفی گشتی، ویکیپیدیا).
٥)لێرەداو دواتریش مارکس پیتی × وەک نیشانەیەک بۆ زێدەبایی بەکاردەهێنێ.
٦)مەبەستی مارکس بەشی "گۆڕینەوە لەگەڵ کاردا، پڕۆسەی کار، بەرهەمهێنانی زێدەبایی"ە (دەفتەری ١ لاپەرەکانی ١٥- ٥٣ دەستنوسەکان) کەلە بەشێکدا بەناونیشانی"یەکیەتی پرۆسەی کارو پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی(پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری) دا هاتووە.
٧)مارکس لێرەدا ئاماژە بۆ بەشەکانی "بەهای هێزی کار، لانی کەمی کرێ، وەیا مەتەوستی کرێ" (دەفتەری ١ لاپەرەی ٢١-٢٥) و"گۆڕینەوەی نێوان دراو وهێزی کار(هەمان شوێن لاپەڕە٢٥-٢٤) دەکات. مارکس لە دەفتەری ٢١دا لاپەڕەکانی ١٤-١٣١٢ لەدەستنوسەکاندا لەبارەی مەسەلەی "نرخی کار"ەوە دەدوێت.
٨)ئەمەی خوارەوە چوار فۆرمۆڵەیە بۆگرێبەست و مامەڵەکردن کەلەیاسای ڕۆمادا هاتووە.
des Do ut Facio ut Facios.Facio ut des. Do ut Facias.
بە ئینگلیزی: I give, that you may do; I do, that you may do; I do, that you may give; I give, that you may give
٩)مەبەستی مارکس فەسڵی ٢٦ ی کتێبی بنەماکانی ئابوری سیاسی ڕیکاردۆیە بەناوی ("دەربارەی داهاتی سافی وناسافی").
١٠) بڕوانە سەرمایە، بەرگی دووەم، بەندی شەشەم و بەرگی سێیەم بەندی ١٧.
سەرچاوە گۆڤاری بەرەو سۆسیالیزم ژمارە٢

سەردانی سایتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بکەن:

**www.hkkurdistan.org**

فەیلەسوف بیروباوەڕ بەرهەم دەهێنێ، شاعیر هۆنراوە، مەلا ئامۆژگاری، مامۆستا ئەتروحە وشتی لەم جۆرە، تاوانبار تاوان بەرهەم دەهێنێ. [بەلام] تاوانبار نەک هەر تەنها تاوان، بەڵکو یاساکانی سزاو ئەو پرۆفیسۆرانەی کەوانەی یاسای تاوان ئەڵێنەوە بەرهەمدێنێ ولەوەش زیاتر ئەو ئەتروحانەشی کەهەر ئەم پرۆفیسۆرانە بۆ ووتنەوەی وانەکانیان وەک "کاڵا" دەیخەنە بازاڕەوە بەرهەمدێنێ. ئەمەش ئەبێتە مایەی زیادبوونی سامانی نەتەوەیی، ..تاوانبار سەرەڕای ئەوەی کە بەرهەمهێنەری سەرتاپای دەزگاکانی پۆلیس ودادگاو پاسەوان ودادوەر وجەلاد ودەستەی سوێندخۆران وشتی لەم جۆرەیە، تەواوی ئەم ڕشتە جۆراوجۆرانەی کارو کاسپی، کەهەموویان بەشە جیاجیاکانی کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتین و ئامادەییە روحیەکانی ئینسانیش دەبوژێننەوە وویستی تازەش دەخوڵقێنن وڕێگا نوێیەکانیش بۆ وەڵامدانەوە بەم ویستانە دەکەنەوە. خودی ئەشکەنجەدان بەش بەحاڵی خۆی داهێنانێکی میکانیکی عەبقەریانەی هێناوەتەئاراوە و پیشەوەرانێکی شەرافەتمەندی زۆریشی لەبەرهەم هێنانی دەستگا پێویستەکاندا خستۆتە نێوکارەوە.

تاوانبار سۆزو هەست بەرهەمدێنی، سۆزێک کەجارێک ئەخلاقیانەیەو جارێکیتر تراژیدیانەیە، بەمجۆرەش لەگەڵ هاندانی سۆزی ئەخلاقی وجوانناسی باودا، "خزمەت"ێک پێشکەش دەکات. تاوانبار نەک تەنها ئەتروحەکانی  یاسای تاوان، نەک تەنها یاساکانی سزاو لەگەڵیشیدا یاسادانەرانی ئەم ڕشتەیە، بەڵکو هونەرو ئەدەب، ڕۆمانەکان وتەنانەت تێکستە تراژیدیەکانیش بەرهەمدێنێ.

تاوانبار لێکچویی وسەلامەتی هەر ڕۆژەی ژیانی بۆرژوازی دەشکێنێ وبەم بجۆرەش لەڕاوەستان و چەقبەستن دەیپارێزێ ودەیخاتە دڵەڕاوکێ وبێئۆقرەیییەوە، کەبەبێ ئەمانە تەنانەت خولیای مونافەسەش کاریگەریەکانی کەمدەبێتەوە. بەم هۆیەشەوە تاوانبار بزوێنەرێک بۆ هێزەکانی بەرهەمهێنان دەخولقێنی. ئەمە لەکاتێکدایە کەتاوانکاری بەشێک لەزیادەی دانیشتوان لەبازاڕی کار دەردەکێشێ ولەڕێگایەوە مونافەسە لەنێوان کرێکاراندا کەمدەکاتەوە- وە بەم هۆیەشەوە لەئاستێکدا دەبێتە بەربەست لەبەردەم دارمانی کرێدا، بۆ ژێر کەمترین ئاست- لەهەمانکاتدا خەبات لەدژی تاوانکاری بەشێکیتر هەرلەم دانیشتوانە بۆلای خۆی ڕادەکێشێ.